سەرۆک بارزانی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان پیرۆز دەکات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5743) دووشەمە 6ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆک بارزانی بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزان، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکات، کە ئەمە دەقی پەیامەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحیم

(شهر رمضان الذی انزل فیه القران هدی للناس وبینات من الهدی و الفرقان)

«صدق الله العظیم»

بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم موسڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان و عێراق بە تایبەتی دەکەم. هیوادارم هاتنەوەی مانگی پڕ بەرەکەت و ڕەحمەتی ڕەمەزان ببێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ گەلی کوردستان و عێراق و هەموو مرۆڤایەتی و کۆتاییهاتنی تیرۆر و توندڕۆیی و بلاوبوونەوەی ئاشتی و پێکەوەژیان و ئاسوودەیی بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

مسعود بارزانی

30ی شەعبان 1440ی کۆچی

5ی5ی2019 زایینی

ڕێککەوتننامەی پارتی و یەکێتی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی واژۆکرا

نێچیرڤان بارزانی: ڕێککەوتنی تەواومان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت



ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئامادەبوونی ئەندامانی هەردوو شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە واژۆ کرا.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕیز کۆسرەت ڕەسوڵ لە وتەیەکدا وێڕای پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتییەوە لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست کابینەی نوێی حکوومەت ببێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

دانوستانەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان ئومێدبەخشن

بڕیارە لە کابینەی نوێدا دەستەیەک بۆ کاروباری ناوچە کوردستانییەکان دروستبکرێت، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت، دانوستانی ئومێدبەخش لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ئەو ناوچانە بەڕێوەدەچن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پارتی و گۆڕان ڕێککەوتنی نێوانیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت دووپات دەکەنەوە



دوێنێ یەکشەمە 2019/5/5 شاندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری سلێمانی کرد، یەکەم وێستگەی سەردانەکەی شاندی پارتی بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان بوو، لەلایەن عومەری سەید عەلی، ڕێخکەری گشتی و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی گۆڕان پێشوازیان لێکرا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فڕۆکەخانەی هەولێریش تێدایە

ئەمەریکا پێنج ملیۆن دۆلار بۆ تۆکمەکردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکانی عێراق خەرج دەکات



لە ڕاگەیەندراوێکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا، ئاماژە بەکۆبوونەوەیەکی نێوان بەرپرسانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا لەگەڵ بەرپرس و شارەزایانی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق کراوە کە تیایدا پڕۆگرامێک بۆ زیاتر پتەوکردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکانی عێراق بەبری 5ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی و پارەکەش لەلایەن حکوومەتی ئەمەریکا دابین دەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕەوشی ئەمنی کەرکووک خراپەو داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە

(زیاتر لە ل 4 بخوێنەوە)

بڕیار دەدرێت نرخی سەوزە و میوە لە مانگی ڕەمەزان بەرز نەکرێتەوە

عەلوەی هەولێر چەند کیلۆمەترێک لە سەنتەری پایتەخت دوورەو دەکەوێتە سەر ڕێگەی هەولێر- گوێڕو لە ڕێگەی ئەو عەلوەیەوە ڕۆژانە سەوزەو میوە دەگاتە بازاڕەکان و دوکانداران. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**





دوێنێ، بەبۆنەی 9 ی ئایار ڕۆژی ئەوروپا، یەکێتی ئەوروپا دەرگای دامەزراوەکانی بە ڕووی گەشتیاران کردەوە

ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی بۆ سەر غەزە دەستپێکرد


سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ڕایگەیاند کە هێرشەکانیان بۆ سەر کەرتی غەززەی گەمارۆدراو بەردەوام دەبن کە پێرێوە دەستیان پێکردووە. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەش دا کە ڕێنمایی داوە بە هێزەکانی ئیسرائیل بچنە ناوچەکانی نزیک لە سنووری کەرتی غەززە بە مەبەستی ئەنجامدانی پەلامارى بەرفراوان بۆسەر گرووپەکانی کەرتەکە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ژن و منداڵانی داعش

بۆمبی تەوقیتکراون یان قوربانیی دەستی درندەکان..؟!

دوای لەناوچوونی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش لە سوریا و عێراق، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە مرۆییەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئێستادا 37 هەزار کەس و لەنێویشیاندا زیاتر لە 4000 ژن لەو کەمپانە نیشتەجێ کراون، کە بۆ ژن و منداڵانی داعش ئامادەکراون و لەژێر چاودێرییەکی تونددا دەژین. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی جووتیارانی کوردستان کۆبۆوە

ئەوەی دەرهەق بە جووتیارانی کوردستان کراوە زوڵمێکی ئاشکرایە

دوێنێ یەکشەمە 5ی5ی 2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی جووتیارانی کوردستان کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی جووتیارانی کوردستان باسی گرفت و کێشەکانیان کرد و هەروەها بابەتی پێنەدانی پارە و شاییستە داراییەکانی جووتیارانی کوردستان لە لایەن حکوومەتی بەغدایان لەگەڵ سەرۆک بارزانی تاوتوێ کرد.

داوایان لە سەرۆک بارزانی کرد کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدات، هەروەها سوپاسی سەرۆک بارزانییان کرد کە بەدەنگ داواکاریی ئەوان و خەڵکی بەشخوراو هاتووە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی جەختی لە بایەخ و گرنگیی جووتیاران لە ژیانی ئابووریی کوردستان کردەوە و ئەوەیشی خستەڕوو کە لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولدا جووتیاران ڕۆڵی گەورەیان لە پشتیوانیکردنی شۆڕش هەبووە و سەرچاوەیەکی بەردەوامی شۆڕشی ئەیلوول و پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە بوون. سەرۆک بارزانی ڕۆشنایی خستە سەر گرنگیی کەرتی کشتوکاڵ و بە پێویستی زانی کەرتی کشتوکاڵ ببووژێتەوە و و ببێتە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی ئابووریی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ داوکارییەکانی جووتیارانی کوردستان ڕاگەیاند و ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە ئەوەی دەرهەق بە جووتیارانی کوردستان کراوە زوڵمێکی ئاشکرایە و هەموو هەوڵەکانیشی دەخاتە گەڕ بۆ گەڕاندنەوەی ماف و پارەی جووتیارانی کوردستان کە لای حکوومەتی عێراق ماوەتەوە.



نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی بەریتانی دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز سیر سیمۆن ماکدۆنالد بریکاری وەزیر و سەرۆکی فەرمانگەی دیپلۆماسی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، پوختەیەکی لەسەر قۆناغی شەڕی داعش و قۆناغی دوای ئەو شەڕە و دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان، پێشکەش کرد.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە 2018/5/4 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز مارتن وار کونسولی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی بەریتانی ئامادەی بوون، پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕەوشی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی عێراق، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیان و پاراستنی هەموو پێکهاتەکان بێ جیاوازی خرانە بەر باس و گفتوگۆ. هەردوولا بیروڕایان لەسەر چۆنیەتیی جێگیرکردنی سەقامگیری لە عێراق بە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا ئالۆگۆڕ کرد، لەمبارەیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیران خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و بەپێی یاسا و دەستووری عێراق دووپات کردەوە.

هەڵسەنگاندن بۆ دواین پێشهات و پرۆژەکانی چاکسازیی پێشمەرگە کرا

کۆبوونەوەی شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕێوەچوو

لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانان و پێشمەرگە بریاردراوە مانگی حەوت کۆبوونەوەی باڵا بۆ چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەبچێت.

دوێنێ یەکشەمە 2019/5/5 بە سەرپەرشتی کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت و بە ئامادەبوونی سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەت، فەریق جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی، فەریق جەمال محەمەد سەرۆکی ئەرکان و ژمارەیەک لە ئەفسەرو پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و بۆردی چاکسازیی و بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی سەر بە وەزارەت لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

لە کۆبوونەوەکەدا هەڵسەنگاندن بۆ دواین پێشهاتەکان و پرۆژەکانی چاکسازیی پێشمەرگە کرا، هاوکات تیمی ئۆفیسی هەماهەنگی ئاسایشی هاوبەش ڕاپۆرتێکیان لەبارەی هاوکارییەکانیان بۆ پێشمەرگە پێشکەش کردو بەڵێنیاندا بەردەوامبن لە هاوکارییەکانیان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە. لە کۆتایی لە کۆبونەوەکە بڕیاردرا لە مانگی حەوتی ئەمساڵ کۆبوونەوەیەکی باڵا بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام بدرێ.

د. ڤیان سەبری: هیچ وادەیەکی فەرمی بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دیاری نەکراوە

کوتلە سیاسییەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراقیش لەگەڵ دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندان

ئەگەرچی بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی 11ی ئەمساڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێت، بەڵام وەک بەرپرسێکی د. ڤیان سەبری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە بەغدا ئاماژەی بۆ کرد، زۆربەی لایەنەکان بە سەرۆکوەزیرانی عێراقیشەوە، لەگەڵ دواخستنی پرۆسەکەدان بۆ ساڵی نوێ. د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی پارتی رایگەیاندووە: تا ئێستا هیچ وادەیەکی فەرمی بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق دیاری نەکراوە، تەنیا کۆمسیۆن پێشتر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان گوتوویانە ئامادەین لە کۆتایی ئەمساڵ پرۆسەکە بەڕێوەببەرین، ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا یاسای هەڵبژاردن لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار نەکراوەتەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ڕوونیشکردەوە: دەرفەتی زۆر نەماوە لەبەردەم بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا بۆ ئەوەی پرۆژەیاساکە هەموار بکرێتەوە، هێشتا دیاری نەکراوە چەند پارێزگای عێراق بەشداری ئەو هەڵبژاردنە دەبن و کامیان بەشداری ناکەن. د. ڤیان سەبری زیاتر گوتیشی: لەسەر پرسی هەژماکردنی دەنگەکان بۆچوونیان وایە هەیە، ڕاستە هاتووە هەژماکردنی دەنگەکان بە ئەلیکترۆنی بێت، بەڵام هەندێ لایەن بۆچوونیان وایە دەنگەکان بە هەردوو شێوازی دەستی و ئەلیکترۆنی بێت، وەلێ ئەوەش یەکلا نەکراوەتەوە. د. ڤیان سەبری ئاشکراشی کرد: زۆربەی کۆتلە سیاسییەکان و سەرۆکوەزیرانی عێراقیش عادل عەبدولمەهدی، لەگەڵ ئەوەدان پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دوابخرێت بۆ ساڵی داهاتوو، لەبەر ئەوەی لە هەندێ ناوچەی وەک مووسڵ زۆربەی خەڵکی نەگەڕاونەتەوە سەر شوێنی خۆیان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە هەندێ پارێزگادا زەحمەتە.



جوان ڕۆژبەیانی:

دانوستانەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان ئومێدبەخشن



بڕیارە لە کابینەی نوێدا دەستەیەک بۆ کاروباری ناوچە کوردستانییەکان دروستبکرێت، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت، دانوستانی ئومێدبەخش لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ئەو ناوچانە بەڕێوەدەچن.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێم، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: هەوڵێکی جیددی هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لەوبارەیەوە دانوستانەکان ئومێدبەخشن بەوەی ڕەوشی ئەو ناوچانە ئاسایی بکرێتەوە و کێشە و ئاڵۆزییەکان کۆتاییان بێت.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیشی: بڕیارە لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستەیەکی تایبەت بەو ناوچانە دروستبکرێت و دوای پێکهێنانی حکوومەتیش شاندی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکە سەردانی بەغدا دەکەن و شاندی ئەوانیش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن. پەیوەست بە جۆڵەی چەکدارانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکان، ڕۆژبەیانی ڕوونی کردەوە: ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ئەمنی، پەیوەستە بە ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ئەو ناوچانە، چونکە ئەگەر پێشمەرگە بگەڕێتەوە و ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە، کاریگەری لەسەر باشبوونی ڕەوشی ئەمنی دەبێت.

فڕۆکەخانەی هەولێریش تێدایە

ئەمەریکا پێنج ملیۆن دۆلار بۆ تۆکمەکردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکانی عێراق خەرج دەکات

خەبات–مەریوان نەقشبەندی:

لە ڕاگەیەندراوێکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، ئاماژە بەکۆبوونەوەیەکی نێوان بەرپرسانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا لەگەڵ بەرپرس و شارەزایانی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق کراوە کە تیایدا پڕۆگرامێک بۆ زیاتر پتەوکردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکانی عێراق لەڕووی مەشق بەکارمەندان و دابینکردنی کەرەستەی پێشکەوتوو بۆ فڕۆکەخانەکانی عێراق بەبڕی 5ملیۆن دۆلاری ئەمەریکا خۆتشحاڵی بۆ ئەم پڕۆگرامە ئاماژەی بە گرنگی ئەم دەستپێشخەریەی حکوومەتی کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا لەگەڵ ئەمەریکا بۆ مەشقپێکردنی بەرپرسانی ئەمنی و کارمەندانی فڕۆکەخانەکانی عێراق کردووە و دەڵێ: جگە لەدڵنیایی بۆ سەلامەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق، ئەم هاوکارییە گەشتیارانی عێراقی و بیانی لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی دڵنیاییدان بەخاوەن کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکانی جیهان تا لە عێراقدا وەبەرهێنان بکەن و ئەمەش دەبێتە باشتربوونی باری دارایی عێراق.



سەرچاوەیەکیش لەدەسەڵاتی مەدەنی فڕۆکەوانی عێراق بە ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند کە هاوکارییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەمریکاوە دابین دەکرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە حکوومەتی عێراقەوە نییە.


سەرچاوەیەکیش لەدەسەڵاتی مەدەنی فڕۆکەوانی عێراق بە ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند کە هاوکارییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەمریکاوە دابین دەکرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە حکوومەتی عێراقەوە نییە.

سەرچاوەیەکیش لە دەسەڵاتی مەدەنی فڕۆکەوانی عێراق بە ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند کە هاوکارییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەمریکاوە دابین دەکرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە حکوومەتی عێراقەوە نییە.

رێککەوتننامەی پارتی و یەکێتی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ عەلی واژۆکرا

نێچیرڤان بارزانی: رێککەوتنی تەواومان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت

راستە دانوستان و گفتوگۆکان قورس بوون بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەنجامێکی باش



دوای کۆبوونەوەی هەردوو شاندی دانوستاندکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتیی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی و عومەری سەید عەلی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان کە تیایدا داکۆکی لەسەر ڕێککەوتنی هەریەک لە پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نویی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە، حکوومەتێک کە کار بۆ خۆشگوزەرانی و باشبوونی دۆخی دارایی و بەردەوامیی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و بەرەوپێشبردنی دۆخی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە و بە نیشتمانیکردنی دامەزراوەکان بکات، هەروەها ستایشکردنی ڕۆڵی ئەرێنی گۆڕان لە نێوان پارتی و یەکێتی و چاکسازییەکانی حکوومەت و گرنگیی کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بۆ ئامادەکردنی کارنامەی حکوومەت، ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە 5/5/2019 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، بە ئامادەبوونی ئەندامانی هەردوو شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە واژۆ کرا.

دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵ لە وتەیەکدا وێڕای پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتییەوە لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیوای خواست کابینەی نوێی حکوومەت بببێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستان.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتەیەکدا ڕایگەیاند: بە ناوی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە ئەمڕۆ ئێمە پێشوازی کراین لە شاری سلێمانی لەلایەن کاک کۆسرەت جێگری سکرتێری گشتی و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسییەوە، زۆر سوپاسیان دەکەین. بەڕێزیان هەروەها گوتیشی: خۆشحاڵین بەوەی کە ئەمڕۆ ڕابیگەیەنین دوای ماوەیەکی دوور و درێژ کە خەڵکی کوردستانیش تەحەمولی ئێمەیان کرد، گەیشتینە ئەوەی ئەمڕۆ نەخشەڕێگەی دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی بە ئەنجام بگات. گفتوگۆکانمان ئاسان نەبوون، زۆر زەحمەت بوون، سەخت بوون، ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند، بەڵام ئەوەی گرنگە و خۆشحاڵین بەوەی کە بڵێین و پێشتریش گوتوومە دیموکراسییەت هەروا ئاسان نییە، زەحمەتە. ئەوەی گرنگە کارەکانی ئێمە هەردوولا بە دانوستاندن و لێکگەیشتن بە ئەنجام گەیشت، چ لەگەڵ برایانی یەکێتیی نیشتمانی، چ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان. ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە دەتوانم ڕابگەیەنم کە هەرسێ لامان ڕێککەوتنی تەواومان هەیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هیوادارم ئەم سێ لایەنە بتوانین کار بکەین بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک، کار بکەین بۆ چەسپاندنی دامەزراوەی حکوومەتی هەرێم کە بە شێوەیەکی باشتر بەرپرسیار بێتێت و کار بکەین بۆ ئەوەی بژێویی خەڵکی کوردستان بەرەو ئاستێکی باشتر ببەین.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بەردەوامیی لێدوانەکەیدا ئاشکرای کرد جاران کە کێشە دروست دەبوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناو خەڵک حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هیوادارم ئەم سێ لایەنە بتوانین کار بکەین بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک، کار بکەین بۆ چەسپاندنی دامەزراوەی حکوومەتی هەرێم کە بە شێوەیەکی باشتر بەرپرسیار بێتێت و کار بکەین بۆ ئەوەی بژێویی خەڵکی کوردستان بەرەو ئاستێکی باشتر ببەین.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بەردەوامیی لێدوانەکەیدا ئاشکرای کرد جاران کە کێشە دروست دەبوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناو خەڵک بەرامبەر بە داهاتووی خۆیان و منداڵەکانیان هەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە بۆ ئەوەی بەشدارین بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان. هەروەها مەحموود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، ڕاشیگەیاند: لە ڕوانگەی بە خەمەوبوونی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەیی کارکردنی ئەم قۆناغە و هەروەها دەرککردن بەوەی ئەو قۆناغە پێویستی بە چییە، هەرزوو لەگەڵ برایانی بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتینە لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکانمان کرد، هەم ڕێککەوتنی سیاسی و هەمیش ڕێککەوتنمان لەسەر ئەو پێوستانەی ئێمە و ئەوان پێکەوە لە حکوومەت بەڕێوەیان دەبەین واژۆکرد، بڕیە هاتنی ئێمە بۆ لای گۆڕان، بۆ ئەوەیە کە پێیان بڵێین سوپاسگوزارین بۆ ئەو لێکتێگەیشتنەی هەیانبووە بۆ ئەو بابەتە. گوتەبێژی پارتی ڕاشیگەیاند: ئومێد دەکەین لە هەر سەبارەت بە سەرکەوتنی کاری شاندەکانی دانوستاندنی هەردوولا، بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: جێی خۆیەتی سوپاس و دەستخۆشی لە وەفدی دانوستاندنی هەردوولا بکەین، هەم پارتی و هەم یەکێتی نیشتمانی، کە لە چەند گەڕەی جیاوازدا کە وەفدەکانی پێشتر دەستیان بە دانوستان کردووە لەلایەن خۆمانەوە ماوەیەک بە سەرۆکایەتیی کاک هوشیار بووە، ماوەیەک کاک فازڵ بووە، کاک مەحموود بووە، برادەرانی تر لە یەکێتی کە بەشدار بوون لەم دانوستاندنانە. گەڕی دووهەمیشیان کە کاک د. کەمال کەرکووکی و کاک عیماد ئەحمەد سەرپەرشتیی ئەم شاندەی دانوستاندنەیان کردووە، بە ڕاستی جێی خۆیەتی دەستخۆشییەکی تایبەتیان لێ بکەم بۆ تەحەمولیان، ماندووبوونیان، سەبریان و ئەگەر ئەو تەحەمول و سەبر و ماندووبوون و پێداگرییە نەبوایە، ئەمڕۆ ئێمەش نەماندەتوانی ئەم ڕێککەوتنە ئێمزا بکەین. سوپاسیان دەکەین و سوپاسی ماندووبوونیان دەکەین و هیوادارین بە خێر و خۆشی هەموو لایەکتان ببینین و زۆر سوپاس.

پارتی و گۆڕان ڕێککەوتنی نێوانیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت دووپات دەکەنەوە

مەحموود محەممەد: پێویستە هەر سێ لایەن بۆ دیاریکردنی کارنامەی حکوومەت دابنیشن

شۆڕش حاجی: ئەرکی نیشتمانی هەموو لایەکمانە پەلە بکەین لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم



خەبات-شاخەوان برایم عەبدوللا:

دوێنێ یەکشەمە 2019/5/5 شاندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانەکەی شاندی پارتی بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان بوو، لەلایەن عومەری سەید عەلی، ڕێخکەری گشتی و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی گۆڕان پێشوازیان لێکرا.

دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای پارتی و گۆڕان، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان مەحموود محەممەد و گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان شۆڕش حاجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بەشێک لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو.

لە سەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، سااڵدی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پیرۆزکرد و ڕایگەیاند: دڵنیاتان دەکەمەوە یەکێک لەو پاکێجە سیاسییانەی ئێمە و پارتی لەسەری ڕێککەوتوین، ئازادی ڕۆژنامەگەری و کەشوهەوایەکی ئازاد دەبێت لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕش حاجی باسی لە ئەجێندای سەردانەکەی شاندی پارتی کرد بۆ لای گۆڕان، ڕایگەیاند: شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بارزانی سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد، شاندی پارتی هاتبوون بۆ ئەوەی ستایش و پێزانینی خۆیان بەرانبەر هەڵوێستی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕن. هەروەها شۆڕش حاجی ڕاشیگەیاند: ئێمە لە بزووتنەوەی گۆڕان لەو ڕۆژەوەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتنمان کردووە کەوتوینەتە گفتوگۆ و دواجاریش واژۆی ڕێککەوتنەکەمان کردووە، پێمانوایە لەو هەلومەرجەی کە کوردستان و ناوچەکە پێیدا دەڕوات تا زووتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بێت لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و لە بەرژەوەندی بازاڕ و فەرمانبەران و مووچەخۆران و هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشە، ئێمە لەو بارودۆخەی کوردستان کە لەبەردەم ئەگەری گۆڕانکاریدایە، پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکگرتوو و یەکهەڵوێست بین بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەزموونەی هەمانە لە کوردستان، بتوانێت خۆی لەبەردەم هەموو ئاستەنگەکان بگرێت.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاشیگەیاند: ئێمە تەئکیدمان لەوە کردووەتەوە کە پاکێج و خاڵی هەرە سەرەکی ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە، مەسەلەی چاکسازییە لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و کارگێڕی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵای ئێمەوە پلە و پۆست، پۆستێک لێرەو پۆستێک لەوێ، نابێت ڕێگر بێت لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەتدا و ئەرکی نیشتمانی هەموو لایەکمانە کە پەلە بکەین لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پاکێجەکانی چاکسازی جێبەجێبکەین و هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانیش بە نیشتمانی بکەین و کارێک بکەین لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت.

دواتر هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە ئەجێندای سەردانی شاندی پارتی بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان، ڕایگەیاند: ئەو کۆبوونەوەیە دریژەپێدەری کۆبوونەوەکانی پێشوومانە لەگەڵ برایانی بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەک هەموو لایەکیش ئاگادارن ئێمە پێشتر ڕێککەوتنمان هەبووە لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەنداربوونە بە نێوانی ئێمە و بزووتنەوەی گۆڕان. هەروەها گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاشیگەیاند: هەر لە سەرەتای گفتوگۆکانمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە دوای هەڵبژاردنەکان، نزیکبوونێکی یەکجار زۆرمان هەبوو لەسەر کۆمەڵێک لەو پاکێجانەی لەنێوان هەردوولامانداا هەبوون، ئێمە پێمانوایە ئەم قۆناغە پێویستی زیاتری بە هەموو لایەنەکان هەیە بۆ ئەوەی بەشدارین بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەی دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان. هەروەها مەحموود محەممەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، ڕاشیگەیاند: لە ڕوانگەی بە خەمەوبوونی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەیی کارکردنی ئەم قۆناغە و هەروەها دەرککردن بەوەی ئەو قۆناغە پێویستی بە چییە، هەرزوو لەگەڵ برایانی بزووتنەوەی گۆڕان گەیشتینە لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکانمان کرد، هەم ڕێککەوتنی سیاسی و هەمیش ڕێککەوتنمان لەسەر ئەو پێوستانەی ئێمە و ئەوان پێکەوە لە حکوومەت بەڕێوەیان دەبەین واژۆکرد، بڕیە هاتنی ئێمە بۆ لای گۆڕان، بۆ ئەوەیە کە پێیان بڵێین سوپاسگوزارین بۆ ئەو لێکتێگەیشتنەی هەیانبووە بۆ ئەو بابەتە. گوتەبێژی پارتی ڕاشیگەیاند: ئومێد دەکەین لە هەر سەبارەت بە سەرکەوتنی کاری شاندەکانی دانوستاندنی هەردوولا، بەڕێز جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: جێی خۆیەتی سوپاس و دەستخۆشی لە وەفدی دانوستاندنی هەردوولا بکەین، هەم پارتی و هەم یەکێتی نیشتمانی، کە لە چەند گەڕەی جیاوازدا کە وەفدەکانی پێشتر دەستیان بە دانوستان کردووە لەلایەن خۆمانەوە ماوەیەک بە سەرۆکایەتیی کاک هوشیار بووە، ماوەیەک کاک فازڵ بووە، کاک مەحموود بووە، برادەرانی تر لە یەکێتی کە بەشدار بوون لەم دانوستاندنانە. گەڕی دووهەمیشیان کە کاک د. کەمال کەرکووکی و کاک عیماد ئەحمەد سەرپەرشتیی ئەم شاندەی دانوستاندنەیان کردووە، بە ڕاستی جێی خۆیەتی دەستخۆشییەکی تایبەتیان لێ بکەم بۆ تەحەمولیان، ماندووبوونیان، سەبریان و ئەگەر ئەو تەحەمول و سەبر و ماندووبوون و پێداگرییە نەبوایە، ئەمڕۆ ئێمەش نەماندەتوانی ئەم ڕێککەوتنە ئێمزا بکەین. سوپاسیان دەکەین و سوپاسی ماندووبوونیان دەکەین و هیوادارین بە خێر و خۆشی هەموو لایەکتان ببینین و زۆر سوپاس.

چەند ڕۆژی داهاتوودا پڕۆسەی پێکهێنانی کابینەی حکوومەت، هەر لە پڕۆسەی دەنگدان و کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم دەستپێدەکات تا دەگاتە ئەو کەسەی ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم. هاوکات لە وەاڵمی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان، سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە مانگی ڕەمەزاندا، گوتەبێژی پارتی ڕایگەیاند: لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت ئێمە لەگەڵ برادەرانی گۆڕان ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی پڕۆسەکە بەردەوامبێت و چەندی ڕێکارە یاساییەکان ڕێگە بدەن پڕۆسەکەش زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت. سەبارەت بە کۆبوونەوەی سێقۆڵی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان، گوتەبێژی پارتی ڕایگەیاند: لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش ئەو بابەتەمان باسکردووە و پێویست دەکات هەر سێ لایەن دابنیشین بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی کارنامەی کابینەی داهاتوو بۆ ئەوەی ڕوانگەی هەر یەک لەم سێ حزبە لەناو کارنامەکەدا هەبێت کە ئەمە زۆر پێویستە.



مەزڵوم کوبانی:

کورد قبووڵ ناکات بۆ دۆخی پێش ساڵی 2011 بگەڕێتەوە

ZNA: مەزڵووم کۆبانێ فەرماندەی بالای هێزی سووریای دیموکرات بە ئاژانسی هەواڵی فەرەنسای راگەیاندووە، ئێمە ئامادەین گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق بکەین بۆ ئەوەی دەرچەیەکی دیموکراسییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باکووری سووریا ڕێکبکەوین. مەزڵووم کۆبانی گوتووشیەتی: پێویستە دیمەشق دان بە هەموو دەستکەوتەکانی کورددا بنێت چوونکە کورد قبووڵی ناکات بگەڕێتەوە بۆ دۆخەکەی پێش ساڵی 2011. فەرماندەی گشتیی هەسەدە سووریە لە سەر ئەوەی دیمەشق دان بە ئیدارەی خۆسەری باکووری سووریادا بنێت و داوای لە هێزە نێودەوڵەتییەکانیش کردووە تا ئەو کاتەی شەڕی تیرۆر لە سووریا کۆتایی نەهاتووە خاکی ئەو وڵاتە بەجێنەهێڵن.

دوو کۆڵبەری کورد لە ڕووبارێکی ئورمییەدا خنکان

بە پێی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو" دوو کۆڵبەری خەڵکی ئورمیە لە یەکێک لە ڕووبارەکانی سنووری ئەوشارە خنکان و تەرمەکانیان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دۆزراوەتەوە. دوێنێ یەکشەممە دوو کۆڵبەری خەڵکی ئاوایی ئەنبێی سەر بە ناوچەی ترگەوەری شاری ئورمیە بە ناوەکانی "فەرزاد نوری" و "بورهان تەربی" لە ڕووباری جێرمی شاری ئورمییە لە کاتی پەڕینەوەیان لە ڕووبارەکەدا خنکان. دوای ئەوەی ئاوی ڕووبارەکە تەرمەکەیان دەبات، لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە تەرمەکان دەدۆزرێنەوە و ڕەوانەی پزیشکی دادی شارەکەیان دەکەن.



پارتێکی ئەڵمانی «ئازادی بۆ کوردستان» دەکاتە دروشمی هەڵبژاردن

پارتێکی چەپی ئەڵمانی بە دروشمی "ئازادی بۆ کوردستان" بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دەکات. پارتی مارکسی-لینینیی ئەڵمانیا، لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیدا لە چەند هەفتەی ڕابردوو، بەشێک لە بانگەشەکانی تەرخان کردووە بۆ پشتگیریکردنی مافەکانی گەلی کورد و بەڵێنی پاڵپشتیی کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیاش دەدات. لە پۆستەرەکانیدا، پارتی مارکسی- لینینیی ئەڵمانیا جگە لە زمانی ئەڵمانی، بە زمانی کوردیش بانگەشە بۆ خۆی دەکات و لە یەکێک لە دروشمەکانی هەڵبژاردنشیدا، نووسیویەتی "ئازادی بۆ کوردستان."

پیتەر ڤێیسفێنینگ، گوتەبێژی پارتی مارکسی-لینینیی ئەڵمانی بە "کوردستان 24"ی ڕاگەیاندووە، کە ئەمە یەکەم جار نییە پارتەکەی پشتگیریی کورد دەکات، پێشتریش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پشتگیریی خۆی بۆ مافەکانی گەلی کورد و کوردانی تاراوگە پیشان داوە. پیتەر ڤێیسفێنینگ جەختی لەوە کردووەتەوە، کە پارتەکەی خوازیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی کورد بکات، چونکە ئەوان تەنها داوای مافی خۆیان دەکەن، کە ئازادییە بۆ گەل و خاکی کوردستان. بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا لە 23 تاکو 26ی ئەم مانگە بە ڕێوە بچێت، کە تێیدا هاوواڵاتییانی 28دەوڵەتی یەکێتییەکە، 705کەس کەس وەک ئەندامی پەرلەمانەکە، هەڵدەبژێرن. چەندین کەسایەتی و سیاسەتڤانی کورد لە نێو پارتی مارکسی-لینینیی ئەڵمانیا کار دەکەن و یەکێکیان لەم هەڵبژاردنە کاندیدە، کە ناوی ئیرهان ئاکتورک.

بەهۆی ئاراستەکردنی ژمارەیەک مووشەک لە کەرتی غەزەوە بۆ ئیسرائیل

ئیسرائیل هێرشی ئاسمانی بۆ سەر غەزە دەستپێکرد و زیانی زۆری بە گرووپە چەکدارەکان گەیاندووە



دوێنێ یەکشەممە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ڕایگەیاند کە هێرشەکانیان بۆسەر کەرتی غەزەی گەمارۆدراو بەردەوام دەبن کە پێرێوە دەستیان پێکردووە. بێنیامین ناتانیاهو بەر لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، هۆکاری تەنەشەسەندنی گرژییەکانی غەزەی خستە پاڵ حەماس و جیهادی ئیسلامی و ڕایگەیاند: باجی قورس بە گرووپە فەڵەستینییەکان دەدەین. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەش دا کە ڕێنمایی داوە بە هێزەکانی ئیسرائیل بچنە ناوچەکانی نزیک لە سنووری کەرتی غەزە بە مەبەستی ئەنجامدانی پەلاماری بەرفراوان بۆسەر گرووپەکانی کەرتەکە.

گوتەبێژی سوپای ئیسرائیل:

هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەزە بەردەوام دەبن

ناتانیاهو: باجی قورس بە گرووپە فەڵەستینییەکان دەدەین

220 ئامانجی جیهادی ئیسلامی و لیواکانی عیزەددین قەسام پێکراون

لەلایەکی دیکەشەوە سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیاند کە لە پەلامارەکانی بەیانیی ڕۆژی شەممەوە تاکو ئێستا زیاتر لە 220 ئامانجی جیهادی ئیسلامی و لیواکانی عیزەددین قەسام کە باڵی سەربازی حەماسە پێکاوە. سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە گرووپە فەڵەستینییەکان لە بەیانیی ڕۆژی شەممەوە تاکو ئێستا زیاتر لە 430 مووشەکیان ئاراستەی ئیسرائیل کردووە، بەڵام بەشی هەرە زۆریان لە لایەن سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئەو وڵاتەوە "گومبەزی ئاسنین"ەوە پووچەڵکراونەتەوە.

وەزارەتی تەندروستی کەرتەکە ئاراستەکردنی مووشەک لە کەرتی غەزەوە دوو ئیسرائیلی گیانی لەدەستداوە.

کوشتنی فەرماندەیەکی حەماس

هەر دوێنێ یەکشەممە، ئیسرائیل لە گورزێکی ئاراستەکراودا، فەرماندەیەکی بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامیی "حەماس"ی لە کەرتی غەزە کوشت و، فەڵەستینییەکانیش بە یەکەمین کرداری لەو جۆرەیان وەسف کرد لە کەرتی غەزە لەوەتەی جەنگی ساڵی 2014ـەوە. سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، لە پرۆسەیەکی تایبەتدا فەڵەستینییەکی کردە ئامانج کە خاوەنی کۆمپانیای ئاڵوگۆڕکردنی دراوە و، بە پارەدارکردنی گرووپە فەڵەستینییەکانی تۆمەتبار کرد لە کەرتی غەزە. گوتەبێژی سوپای ئیسرائیل، ئەفیخای ئەدرعی لەڕێگەی "تەلیگرام" ڕایگەیاند، "کەمێک پێش ئێستا لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی سوپای بەرگری و دەزگای ئاسایشی گشتی ناوبراو ئەحمەد عەبد ئەلخوزەری، دانیشتووی شاری غەزە و بەرپرس لە گواستنەوەی پارە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئێرانەوە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە کەرتی غەزە، لە گورزێکی ئاسمانیدا کرایە ئامانج"، ئەدرعی وتیشی: ئەلخوزەری خاوەنی کۆمپانیای (ئەلحامد بۆ ئاڵوگۆڕی دراو)ـە کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2018 وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ڕاگەیەندرا.

هیچ قسەیەک لەسەر ئاگربەست لە ئارادا نییە

گوتەبێژی سوپای ئیسرائیل، ڕۆنین مانلیس ڕایگەیاند کە سوپا ماوەی چەند ڕۆژێکە ئامادەکاری دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە کەرتی غەزە و لیوای حەوتی زرێپۆش ڕەوانەی دەورووبەری کەرتی غەزە کراوە. دەستەی فەرمی پەخشی ئیسرائیل بڵاویکردەوە کە ڕۆنین مانلیس لەبارەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی غەزە بۆ میدیاکان دوا و گوتوویەتی: هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەزە بەردەوام دەبن و لەئێستایشدا هیچ قسەیەک لەسەر ئاگربەست لە ئارادا نییە. هەروەها ڕۆژنامەی یەدیعۆت ئەحەرۆنۆت بڵاویکردەوە کە دوێنێ یەکشەممە ئەنجوومەنی وەزاری بچووککراو بۆ کاروباری ئەمنی و سیاسی "کابینێت" بە مەبەستی تاوتوێکردنی گرژیی و ئاڵۆزییەکان لە غەزە کۆدەبێتەوە.

ئەمەریکا: بە تەواوی پشتگیری ئیسرائیل دەکەین

لەکاردانەوەیەکیشدا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆرهان نۆرتاگوس کاردانەوەی نیشاندا بەرامبەر ئاراستەکردنی مووشەک لە غەزەوە بۆ ئیسرائیل. لە وەڵامی پەیامنێرێکیش، مۆرهان نۆرتاگوس ڕایگەیاند: بە تەواوی پشتگیری ئیسرائیل دەکەین بۆ مافی بەرگریکردن لە خۆی. ئەمەریکا ئیدانەی بەردەوامیدان بە ئاراستەکردنی مووشەک بەچڕی دەکات بۆسەر هاوواڵاتییانی مەدەنی لە ئیسرائیل لە لایەن حەماس و بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی لە غەزەوە. داوا لە بەرپرسیارانی ئەو تونوتیژییە دەکەین دەستبەجێ هێرشەکانیان ڕابگرن.

پەرلەمانتارێک بۆ «خەبات»: حکوومەتی عێراق پاڵپشتیی عەرەبە هاوردەکانە بۆ سنووری خانەقین

پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە حکوومەتی عێراق پاڵپشتیی عەرەبە هاوردەکانە بۆ بەعەربکردنەوەی سنووری خانەقین. ناسر عەلی، بڕیاردەری لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند کوردەکان کە لە گوندەکانیان لە سنووری خانەقین ماونەتەوە دۆخیان ناجێگیرە و عەرەبە هاوردەکان هەوڵ دەدەن گوندەکانیان پێ چۆڵ بکەن و خۆیان نیشتەجێ بن لەو گوندانە و ئەو عەرەبە هاوردانە بۆ ئەو مەبەستە هەڕەشەیان لە خەڵک کردووە. گوتیشی عەرەبە هاوردەکان لەو بۆشاییەی کە ئێستا لە کۆنترۆڵی پێشمەرگە نییە لە ناوچەکە و بە پاڵپشتیی حکوومەتی عێراق و هێزی چەکداریشیان هەیە و دەیانەوێت کوردەکان ناوچەکانیان بۆ چۆڵ بکەن. جێی باسە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 میلیشیاکانی حەشدی شەعبی داگیرکرد و پرۆسەی تەعریب لە سنوورەکە دەستپێکردووە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک: ڕەوشی ئەمنی خراپەو داعش لە کەرکووک خۆی ڕێکخستووەتەوە

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک باس لەوە دەکات کە دۆخی ناو شاری کەرکووک باش نییە و تا دێت دۆخی شارەکە ئاڵۆزتر دەبێت و داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە. عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند ڕەوشی ئەمنیی شاری کەرکووک زۆر خراپە و هێزە ئەمنییەکان هەماهەنگیان لەگەڵ خەڵک و ناوخۆشییان نییە و خەڵکی خواروو و ناوەڕاستی عێراقیان هێناوە بۆ شارەکە و لەدەرەنجامی ڕەوشی خراپی شارەکە بەداخەوە داعش بە شێوەیەکی باش خۆی ڕێک خستووەتەوە. بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک گوتیشی چالاکیی نهێنی و پارتیزانیی داعش لەناو کەرکووک دەستپێکردووە و خەڵک دەکوژرێت دەڕفێندرێت، زۆر کەس بێ سەروشوێن کراوە و ئەمە دوایین هۆشداریە لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم ڕەوشە، دۆخی کەرکووکیش بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە و خراپتر دەبێت.

عێراق.. سەد هەزار منداڵ بێبەشن لە ئاوی پاکی خواردنەوە

سندوقی یارمەتیی منداڵانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان UNICEF ڕایگەیاند، سەد هەزار منداڵ و خێزان لە باشووری عێراق بە هۆی لافاوەکانی ئەم دواییەوە ئاوی خواردنەوەیان دەست ناکەوێت و پێویستیان بەوەیە ئاوی پاکی خواردنەوەیان بۆ دابین بکرێت. نوێنەری UNICEF لە عێراق، حەمدیە لاسیکۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە، بە هۆی بارانی بەخورِ و ئەو لافاوانەی کە لە ئێرانەوە هاتوون لە پارێزگای میسان باشووری عێراق سەد هەزار منداڵ و خێزان بێبەش بوون لە ئاوی پاکی خواردنەوە. لاسیکۆ ڕاشیگەیاندووە کە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە، ئامێری پاککردنەوە و پاڵاوتنی ئاو و پاککەرەوە بۆ زیانلێکەوتوانی لافاو. جێی باسە بە هۆی بارانی بەخورِەوە ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە لەمساڵدا بەرزبووەتەوە و لە سنووری شارەکانی میسان، بەسرە، واست زیانێکی زۆر بە کێڵگەکان گەیشتووە.



ژن و منداڵانی داعش...
بۆمبی تەوقیتکراون یان قوربانیی دەستی درندەکان..؟!

پەرلەمانتارێکی چیچانی:
ئێستا پێویستە چی بکەین؟ ئەو منداڵانە لەو شوێنەی هەن بەجێبهێڵین و چاوەڕێ بکەین تا رێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش دروووست دەبێتەوە و دەیانکات بە سەرباز و چەکداری خۆی، یان بیانگوازینەوە بۆ نیشتیمان و ڕەچەڵەکی خۆیان؟!

وەزیرێکی بەریتانی:
باشترین ڕێگا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەریتانییانەی چوونەتە ناو داعش ئەوەیە، هەرکاتێک یەکێکیان ڕوو لە بەریتانیا بکاتەوە، بکوژرێت.

وەزیرێکی بەنگلادیشی:
شەمیمە بینگوم هاوولاتی بەنگالی نییەو هەرکاتێک ڕووبکاتەوە ئەو وڵاتەی ئێمە، جگە لە پەتی سێدارە هیچ شتێکی دیکە چاوەڕوانی ناکات



دوای لەناوچوونی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش لە سوریا و عێراق، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕێکخراوە مرۆییەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئێستادا 37 هەزار کەس و لەنێویشیاندا زیاتر لە 4000 ژن لەو کەمپانە نیشتەجێ کراون، کە بۆ ژن و منداڵانی داعش ئامادەکراون و لەژێر چاودێرییەکی تونڈی ئەمنیدا دەژین.

ئا: سەردار حوسێن

ژنانی داعش بەشێکیان لە وڵاتانی عەرەبییەوە ڕوویان لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کردووە و ژیانیان لەگەڵ چەکدارانی داعش هەڵبژاردووە و بەشێکیشیان لە وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژئاواوە هاتوون، بەڵام لە هەردوو حاڵەت و بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کەمترین ڕفاندنی ژنان هەیە و زۆرینەیان بە ئارەزووی خۆیان و بەشێکیشیان بەبێ ڕەزامەندی کەسوکاریان ڕوویان لە سوریا و عیراق کردووە.

شەمیمە بیگۆم، ئەو کچە بەرەگەز بەریتانیەی ماوەیەک بەر لە ئێستا تاکە کچەکەی لەدەستدا کە لە هاوسەرە بەرەگەز بەریتانییەکەی لەدایکببوو، بەوپێیەی باوکی منداڵەکەی چەکداری داعش بووە، هیچ وڵاتێک ئامادەنییە بیگرێتە خۆی و بەنگلادیش ئەو وڵاتەی کە باوکی شەمیمە خاوەنی ڕەگەزنامەکەیەتی، یەکێکە لەو وڵاتانەی شەمیمە پەنای بۆ بردووە، بەڵام ئەبولکەلام عەبدولموئمن وەزیری کاروباری دەرەوەی بەنگلادیش لە نوێترین لێدوانی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: شەمیمە بینگوم هاوولاتی بەنگالی نییە و هەرکاتێک ڕووبکاتەوە ئەو وڵاتەی ئێمە، جگە لە پەتی سێدارە هیچ شتێکی دیکە چاوەڕوانی ناکات.

ئەبولکەلام عەبدولموئمن دەشڵێت: شەمیمە پێشتر داوای ڕەگەزنامەی بەنگلادیشی نەکردووە، هەرچەند باوکی بەرەگەز بەریتانیەی ماوەیەک بەر لە ئێستا تاکە کچەکەی لەدەستدا کە لە هاوسەرە بەرەگەز بەریتانییەکەی لەدایکببوو، بەوپێیەی باوکی منداڵەکەی چەکداری داعش بووە، هیچ وڵاتێک ئامادەنییە بیگرێتە خۆی و بەنگلادیش ئەو وڵاتەی کە باوکی شەمیمە خاوەنی ڕەگەزنامەکەیەتی، یەکێکە لەو وڵاتانەی شەمیمە پەنای بۆ بردووە، بەڵام ئەبولکەلام عەبدولموئمن وەزیری کاروباری دەرەوەی بەنگلادیش لە نوێترین لێدوانی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: شەمیمە بینگوم هاوولاتی بەنگالی نییەو هەرکاتێک ڕووبکاتەوە ئەو وڵاتەی ئێمە، جگە لە پەتی سێدارە هیچ شتێکی دیکە چاوەڕوانی ناکات.

بەنگالییە، بەڵام ئێمە بڕیارێکی جێگیر و نەگۆڕاومان سەبارەت بە داعش و هاوپەیمانەکانی هەیە، بەهەموو جۆرێک دەمانەوێ لەناویان ببەین، ئەو کچەش هەرکات ڕوو لە وڵاتی ئێمە بکات بەدڵنیاییەوە دوای ڕێکخراوە مرۆییەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش پرسی ژن و منداڵانی داعشە، نەک چەکدارە دەستگیرکراو و هەڵاتووەکانی، کە ئەوەیش ڕای جیاوازی لەسەرە و زۆربنەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و

ژنە داعشێکی ڕووسیایی:
ئەمجارەیان خوا سەرکەوتنی بە قسمەت نەکردبووم، هەموو ئەوەی ڕوویداوە خوا دیاریکردووە و ئەگەر پەشیمان ببمەوە بەواتای ناڕازیبوون لە فەرمانی خوا دێت.

دادگاییکردن وەک هەر کەسێکی ناو داعش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و سزاکەیشی پەتی سێدارەیە.

بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو ژمارە ژن و منداڵەی لەدوای کەوتنی داعش ڕوویان لە کەمپی هول کردووە لە پارێزگای حەسەکەی سوریا، زیاتر لە 37 هەزار کەسە، لەگەڵ ئەوانەیشدا نزیکەی 4000 چەکداری داعش هەن و هەندێکیان لەنێو خەڵکی سڤیل خۆیان حەشاردابوو، هەندێکیشیان بەئاشکرا خۆیان وەک چەکداری داعش بە هێزەکانی سوریای دیموکرات ناساندووە، بەڵام ئەوەی بۆتە باس و پرسێکی هەنووکەیی ئەوروپاش مەترسی ئەوەیان هەیە ئەو ژن و منداڵانە وەک بۆمبی تەقیتکراو بینە هۆکاری شێواندن و پشێوی ئەمنی وڵاتەکانیان، بۆیەش بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین ئەو هاووڵاتیانەی خۆیان وەربگرنەوە کە لەنێو چەکدارانی داعش بوون.

زیاد سەبسەبی پەرلەمانتاری چیچانی لە ئەنجوومەنی پیرانی ڕووسیا ڕایەکی جیاوازی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەنگلادیش هەیە و دەڵێت: ئێستا پێویستە چی بکەین؟ ئەو منداڵانە لەو شوێنەی هەن بەجێبهێڵین و چاوەڕێ بکەین تا ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش دروووست دەبێتەوە و دەیانکات بە سەرباز و چەکداری خۆی، یان بیانگوازینەوە بۆ نیشتیمان و ڕەچەڵەکی خۆیان وەربگرنەوە کە لەنێو چەکدارانی داعش بوون.

زیاد سەبسەبی پەرلەمانتاری چیچانی لە ئەنجوومەنی پیرانی ڕووسیا ڕایەکی جیاوازی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەنگلادیش هەیە و دەڵێت: ئێستا پێویستە چی بکەین؟ ئەو منداڵانە لەو شوێنەی هەن بەجێبهێڵین و چاوەڕێ بکەین تا ڕێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش دروووست دەبێتەوە و دەیانکات بە سەرباز و چەکداری خۆی، یان بیانگوازینەوە بۆ نیشتیمان و ڕەچەڵەکی خۆیان؟!

ئەو کچە ڕووسیایە بەرەچەڵەک چیچانییە لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: زۆربەی تەمەنم لەناو داعش لەماڵەکەی خۆم لەگەڵ کوڕەکەم بردۆتەسەر لە ڕەققەی سوریا، چەکدارەکانی دەوڵەتی خەلافەت بەبەرچاوی خەڵک و لەسەر شەقامەکان حوکمە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکرد، لەسێدارەدان و سەربڕین و بەردبارانکردن لەکاتی تاوانەکانی کوشتن و زیانکردن زۆر ئاسایی بوون و بەبەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکران، بەڵام من هیچێک لەو دەستگیرانە داعشەکەی دەکات و لە ئێستا بەتەنها لە کەپێکی نزیک ڕەققەی پایتەختی داعش لە سوریا ماوەتەوە و خاوەنی کوڕێکە.

ئەو کچە ڕووسیایە بەرەچەڵەک چیچانییە لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت: زۆربەی تەمەنم لەناو داعش لەماڵەکەی خۆم لەگەڵ کوڕەکەم بردۆتەسەر لە ڕەققەی سوریا، چەکدارەکانی دەوڵەتی خەلافەت بەبەرچاوی خەڵک و لەسەر شەقامەکان حوکمە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکرد، لەسێدارەدان و سەربڕین و بەردبارانکردن لەکاتی تاوانەکانی کوشتن و زیانکردن زۆر ئاسایی بوون و بەبەرچاوی خەڵکەوە جێبەجێ دەکران، بەڵام من هیچێک لەو کارانەم نەکردووە.

هافا پەشیمان نییە لەوەی چۆتە نێو چەکدارانی داعش و لەبارودۆخی ئێستاشی ڕازییە، ئەو لەم دیدارە ڕۆژنامەوانییە دەشڵێت: ئەمجارەیان خوا سەرکەوتنی بە قسمەت نەکردبووم، هەموو ئەوەی ڕوویداوە خوا دیاریکردووە و ئەگەر پەشیمان ببمەوە بەواتای ناڕازیبوون بە فەرمانی خوا دێت.

ڕێکخراوی Save the Children جیهانی لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا زیاتر لە 2500 منداڵی داعش لە چەند کەمپێکی جیاجیادا لە سوریا دەژین و هەندێکیان تەمەنیان چەند حەفتە و مانگێک دەبێت.

ئەو ڕێکخراوە جیهانییە کە تایبەتە بە پاراستنی منداڵان دەشڵێت: منداڵەکان لە 30 ڕەچەڵەک و خاوەنی ڕەگەزنامەی چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا و ئەورووپان، پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەو منداڵانە لە بارودۆخێکی ناهەموار و پڕ لە توندوتیژی و کوشتن و خوێن ژیاون، پێویستیان بە چارەسەری دەروونی و مەعنەوی هەیە.

ژمارەیەک لە میدیاکار و ڕۆژنامەنووسانی ئاژانسە هەواڵییەکانی جیهان، کە سەردانی کەمپی ئەو ژن و منداڵانەیان کردووە، باس لەوە دەکەن کە ژنانی بەجێماوی داعش هێشتا خاوەنی بیری تووندڕەوین و تەنانەت بینیوویانە چۆن پەلاماری ئەو کارمەندانەی ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتیانە دەدەن، کە بۆ هاوکاری ئەوان سەردانی ئەو کەمپانە دەکەن.

یەکێک لەو ئافرەتە چالاکوانە سووریاییانەی کە لە ڕێکخراوێکی پاراستنی ژن و منداڵە بێ سەرپەرشتەکان کار دەکات، دەڵێت: ئێمە بۆ سەردانی ئەو کەمپانە چووین تا هاوکارییان بکەین، بەڵام ئەوان پەلاماریان داین و ئێمەیان بە کافر دادەنا، چونکە سەرپۆشمان لەسەر نەبوو.

ئافرەتێکی چالاکوانی سوریا:
ئێمە بۆ سەردانی ئەو کەمپانە چووین تا هاوکارییان بکەین، بەڵام ئەوان پەلاماریان داین و ئێمەیان بە کافر دادەنا، چونکە سەرپۆشمان لەسەر نەبوو.

بەڕێوەبەری سەنتەرێکی توێژینەوە:
مەرج نییە ئەو ژنانە هەموویان چەکداری داعش بووبن یان بەشداری شەڕەکانیان کردبێت و لە مەیدانەکانی جەنگدا ژیابن، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت کە توندڕەو نەبن و مەترسی کاری تیرۆریستییان لێ نەکرێت.



هانز جۆرج ماسین سەرۆکی هەواڵگری ناوخۆیی ئەڵمانیا لەبارەی ئەو منداڵانەوە بە ڕۆیتەرزی گوتووە: ئەو منداڵانەی لەدوای چەکدارانی داعش بەجێماون، بەجۆرێک مێشکیان شووراوەتەوەو لە ژینگەیەکی وەها پەروەردەکراون پڕیەتی لە کوشتن و سەربڕین و تووندوتیژی، بۆیە ئەوانە وەک بۆمبی تەوقیتکراون و هەرکاتێک ئەگەری کاری تیرۆریستی و تەقینەوەیان لێ کە باشترین ڕێگا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەریتانییانەی چوونەتە ناو داعش ئەوەیە، هەرجارێک یەکێکیان ڕوو لە بەریتانیا بکاتەوە، بکوژرێت.

لەبەرانبەریشدا وڵاتەکەی ستیوارت تا ڕادەیەک ئاسانکاری بۆ ئەو منداڵانە کردووە بە ڕەچەڵەک بەریتانین و هەندێکیانیانی بدۆتە خانەی چاودێری بێنەوایان و هەندێکیشیان گەڕاونەتەوە ناو کەسوکاریان.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
دوو شەممە 2019/5/6 ژمارە (5741)
خەبات



وەزیری پەروەردە پێشوازی لە دەروونناسێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد

دوێنێ یەکشەممە ڕێکەوتی 5/5/2019ی زایینی، دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی خاتوو نەسرین محەمەدی دەروونناس و ڕاوێژکاری خێزانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لە تارانی پایتەختی ئێران نیشتەجێیە. لە دیدارێکدا باس لە کارو چالاکییەکانی خاتوو نەسرین کرا کە لە ماوەی پێنج ڕۆژی مانەوەی لە هەرێمی کوردستان، زنجیرەیەک سیمینار و وۆرکشۆپی بۆ 200 ڕێنماییکاری پەروەردەیی و تۆێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانەکان سازکرد لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا وەزیری پەروەردە خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە ناوبراو و سوپاسی ماندووبوونەکانی لە وتنەوەی وانەکان کرد.

دهوک... چەند پرۆژێن خزمەتکاری بکوژمێ 2 ملیون دولاران هاتنە ڤەکرن



خەبات ـ دهوک:

دوهی سپێدێ 2019/5/5 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا زویێر مورشد ڕێڤەبەرێ ڕێکخراوا UNDP ل ئیراقێ و ئیبراهیم بشارە بەرپرسێ پروژان ل ڕێکخراوا ناڤبری کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماددبونا ئیسماعیل مەحمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی بەحسێ ڕەوشا پارێزگەهێ وپروژە وبەرنامێن ڕێکخراوا UNDP ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ هاتە کرن.

پاش ل ناحیا کەلەکچی سەرب قەزا شێخان ب ئاماددبونا پارێزگەرێ دهوکێ و بەرپرسێ ڕێکخراوا UNDP ل ئیراقێ وچەند بەرپرسێن حزبی وئیداری ل دهڤەرێ، پروژێ سەخبێرکرنا ڕێکا سەرەکی یا ناحیا کەلەکچی بو گوندێ 5 زیناڤا و پروژێ دەرئێخستنا 20 فیدەرێن کارەبێ و داناناً گوهورکا ل ویزدگەها کارەبا ناحیا کەلەکچی هاتنە ڤەکرن.

درێورسمێن ڤەکرنا هەردوو پروژان دا پارێزگەرێ دهوکێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ وخەلکێ ناحیا کەلەکچی، سوپاسیا ڕێکخراوا UNDP کر کو پشتەڤانیا بجھ ئینانا 10 پروژێن خزمەتکاری بێن جورا وجور وەکو ڕێک وناڤ وکارەب و... هتد کریە بکوژمێ دوومڵیون دولاران و پتریا وان پروژان کەتینە دخزمەتا وەلاتیان دا وهەردوو پروژێن ئەڤرو هاتینە ڤەکرن دچارچوڤێ وان پروژان دا بوون.

پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزکر کو ئەڤ پروژە دبچیکن لێ زور دگرنگن ودگرێدانینە ب ژیانا ڕوژانە یا وەلاتیانڤە وهیڤی خاستن خەلکێ دەڤەرێ مفای ژێ وەرگرن .

هەروەسا پارێزگەرێ دهوکێ سوزدا کو بەردەوام هەولدانا بکەن بو چێکرنا پروژێن خزمەتکاری بو هەموو وەلاتیان چ ب ڕێکا حکومەتا کوردستانێ یان ب هەڤکاری دگەل ڕێکخراوێن مروڤایەتی بیت.

پاش بەرپرسێ ڕێکخراوا UNDP ل ئیراقێ پەیڤەک پێشکێشکر وتەکەزکر کو ڕێکخراوا UNDPێ بەردەوام پشتەڤانیا پروژێن خزمەتکاری ل سنورێ پارێزگەهێ کەت چونکو ژمارەکا زور یا ئاوارە وپەنابەران هاتینە پارێزگەهێ وبارگرانییەکا مەزن کەتیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری وئەڤ ڕەوشە دخازیت کو ڕێکخراوا UNDP و ڕێکخراوێن دی هاریکاریا خەلکێ پارێزگەهێ بکەن.

مانگی ڕابردوو نزیکەی 10 هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردووە

خەبات ـ سەربە یوسف:

بەپێی ئاماریکی نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەماوەی مانگی ڕابردودا 9754 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردوە.لە وێنەیەکی ئاماڕەکە کە دانەیەکی بەخەبات دراوە، هاتووە لە مانگی نیسانی 2019دا، 9754 هاووڵاتی سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردوە، لەو ڕێژەیە 5064 یان لە ڕەگەزی مێ و 4690یان لە ڕەگەزی نێر بوون. هەربەپێی ئەو ئاماڕە لەو مانگەدا 559 نەخۆش داخل بە نەخۆشخانەکە کراون و خەوێنراون. ئاماڕەکە ڕوونیدەکاتەوە، هەربەپێی ئاماڕەکە، لەماوەی ئەو مانگەدا 400 نەشتەرگەری ئەنجامدراوە، لەو ڕێژەیە94 نەشتەرگەری گەورە بون،285 نەشتەرگەری مامناوەند و 21یان نەشتەرگەری بچوک بوون. هەروەها 410 تیشک بۆ هاووڵاتیان گیراوە و 235 هێلکاری دڵیش ئەنجامدراوە.

قایمقامی سۆران زانیاری لەبارەی دابەشکردنی 140 شوقە دەدات



قایمقامی شاری سۆران لە سنووری پارێزگای هەولێر زانیاری لەبارەی دابەشکردنی 140 شوقە بەسەر کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و کەمدەرامەتانی شارەکەی، دەدات. کرمانج عزەت، قایمقامی سۆران ڕایگەیاندووە، پرۆژەی دروستکردنی 140 شوقە لە گەڕەکی دێڵزیان چەند ساڵێکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایییەوە پرۆژەکە وەستابوو.

بڕیارە ئەو شوقانە دوای تەواوبوونیان، بەسەر کەمدەرامەتانی سۆران و کەسوکاری شەهیدانی پێشمەرگە، کە لە شەڕی دژی تیرۆری داعش شەهیدبوون، دابەش بکرێت. کرمانج عزەت، کە لێدوانی بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان داوە، ئاماژەی بە دوایین قۆناغەکانی دروستکردنی شوقەکان کردووە و ڕایگەیاندووە، تەنیا شەقام و کۆڵانەکانیان ماوە تەواو بکرێن.

سیاسەتمەدار سەلاح بەدرەدین سەردانی «خەبات»ی کرد



دوێنێ یەکشەمە سەلاح بەدرەدین سیاسەتمەدار و کەسایەتی بەناوبانگی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی ڕۆژنامەی خەباتی کرد و لەلایەن سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری خەبات بەگەرمی پێشوازی لێکرا، دواتریش هەردووکیان لەبارەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و چەند پرسێکی تر گفتوگۆیان کرد.

بڕیار دەدرێت نرخی سەوزە و میوە لە مانگی ڕەمەزان بەرز نەکرێتەوە



سەرۆکی ئەنجوومەنی عەلوەی هەولێر: وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاری جووتیارانی نەکردووە تا بەرهەمی خۆماڵی بەرەو پێشەوە بچێت

خاوەنی نووسینگەیەک: نووسینگەکان ناتوانن نرخ بەرزبکەنەوە، بەڵکو دوکاندارانن نرخەکان بەرز دەکەنەوە

عەلوەی هەولێر چەند کیلۆمەترێک لە سەنتەری پایتەخت دوورەو دەکەوێتە سەر ڕێگەی هەولێر- گوێڕو لە ڕێگەی ئەو عەلوەیەوە ڕۆژانە سەوزەو میوە دەگاتە بازاڕەکان و دوکانداران. بە گوتەی ڕەجەب عەزیز سەرۆکی ئەنجوومەنی عەلوەی هەولێر: لەو عەلوەیە 100 نووسینگەی سەوزەو میوە هەیە بۆ ساغ کردنەوەی سەوزەو میوە ڕۆژانە جۆرەها سەوزەو میوەی هاوردەو خۆماڵی لەو عەلوەیە دەچێتە بازاڕەکان و دوکاندارانیش بۆ بڕێوی ژیانیان سەوزەو میوە بە هاووڵاتیان دەفرۆشنەوە.

ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی
وێنە: سەید فەخرەدین

سەرۆکی ئەنجوومەنی عەلوەی هەولێر دەڵێت: ئەوەی کە زۆر گرنگە لەو عەلوەیە نرخی ئەو پێداویستییانە جێگیرەو حەفتانە لەلایەن لیژنەی دانانی نرخەوە نرخەکان دادەنرێت ولەسەر خاوەنی نووسینگەکانیش پێویستە نرخەکان هەڵبواسن لەبەردەمی نووسینگەکانیان ئەوەی کە تابلۆی نرخەکان هەڵنەواسێت لەلایەن لیژنەی چاودێری بازاڕەوە سزادەدرێت و جگە لەوەش هەر نووسینگەیەکیش نرخەکان بەرز بکاتەوە ئەوا ئەویش سزا دەدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی ناوخۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی عەلوەی هەولێر گوتی: بەداخەوە وەزارەتی کشتوکاڵ بەهیچ شێوەیەک هاوکاری تەواوی جووتیارانی نەکردووەو گرنگی بە جووتیار نەداوە تا ئاستی بەرهەمی ناوخۆ بەرز بێتەوە، هەموو ساڵێک لەگەڵ پێگەیشتنی بەرهەمی خۆماڵی جووتیارەکان خۆشحاڵ نەبووینە بەبەرهەمەکانیان و لەهەر جووتیارێک بپرسی قازانجەکانیان لەچاو ماندووبوونەکەیان نەبووەو ئەوان دەڵێن لەبەرهاتنی بەرووبوومی هاوردەی ووڵاتان وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە هیچ بۆ جووتیاران بکات.

ڕەجەب عەزیز سەرۆکی ئەنجومەنی عەلوەی هەولێر گووتی: مانگانە چوار جاریش ناو عەلوە دەشۆردرێت و خاوێن دەکرێتەوەو ئەمنیەتی عەلوە زۆرباشەو کێشەی نییە، لەهەمووی گرنگتر لیژنەی چاودێری بازاڕ سەربە قایمقامیەتی هەولێر بەردەوام دێنە لامان بۆ بەدواداچوون لە نرخەکان و چەندین نووسینگەیان سزا داوەو هەموو کاتێک ڕێنمایی نووسینگەکان دەکەین، کە هەوڵی گران کردنی نرخەکان نەدەن و پابەندی ڕێنماییەکان بن، لەناو عەلوە کەس ناتوانێ یاری بە نرخەکان بکات و ئەو نرخانەی کە حەفتانە بڕیار دێت لەلایەن نووسینگەکانەوە نرخەکان هەڵدەواسرێت و هەر هەموویان پابەندی ئەو نرخانە دەبن، بۆ مانگی ڕەمەزانیش بڕیار دراوە بەهیچ شێوەیەک نرخ بەرز نەکرێتەوە.

مام هادی هاووڵاتییەکی ئاساییەو هاتبووە عەلوە بۆ کڕینی سەوزەو میوە گوتی: بەداخەوە دوکاندارانی بەبیانووی گران بوونی نرخەکان لە عەلوە، نرخی فرۆشتنی سەوزەو میوە بەرز دەکەنەوە پێویستە لیژنەی چاودێری بازاڕ سزای دوکاندارانی بدات ئەوانەی کە نرخەکان بەرز دەکەنەوە. شێرزاد محەمەد گووتی: هەفتەی جارێک دێمە عەلوەی هەولێر بە ئوتومبێلی خۆم و دەزانم نرخی سەوزەو میوە لە عەلوە گران نییە تەنها لەلای دوکاندارانی گرانە، بڕیە بەناچاری دێمە ئەو ڕێگا دوورە ئەگەر دوکاندارانی نرخەکان گران نەکەن ئەوا ئێمەش ئەو ڕێگە دوورە نابڕین.

عەبدوڵڵا محەمەد خاوەنی نووسینگەی شاڵاو لە عەلوەی هەولێر گوتی: ئێمەی خاوەنی نووسینگە هەرگیز هەوڵی گرانکردنی نرخەکان نادەین، بەڵکو دوکاندارانن ئەو کارە دەکەن و چەندین جاریش لیژنەی چاودێری بازاڕ سەردانی عەلوە دەکات بۆ چاودێری نرخ و پشکنینی سەوزەو میوە دەکرێت، بەڵام پێویستە لیژنەی چاودێری بازاڕ ئەو بەقاڵانە سزا بدات کە نرخەکان گران دەکەن.

گرانبوونا بهایێ ئەلکتریکێ و ڕەوشا پارێزگەها دهوکێ هاتە گەنگەشە کرن



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا هەر ئێک ژ ڕێڤینگ هروری و هیڤیدار ئەحمەد ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ کر، دڤێ ڕینشتنێ دا هەردوو ئالیان گەنگەشە لسەر وێ ئێکێ کر چەوانیا خوەش کرنا ژین و ژیارا خەلکی بهێتە کرن و نەخاسمە دڤێ گەرا نوبی یا حکومەتا هەرێمێ دا، دیسان تەوەرەکێ دێ یێ ڤێ کومبوونێ دا باسێ خواست و گلەییێن خەلکێ پارێزگەها دهوکێ هاتە کرن.

هەردوو ئالیان گەنگەشە لسەر گلەییا خەلکێ پارێزگەهێ لدوور گرانبوونا بهایێ ئەلکتریکێ و جیاوازیا وێ دگەل پارێزگەهێن دی کر، بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ چەندێ دڤێت ئەم هەمی هەولا بدەین دگەل سازییێن پەیوندیدار لسەر کێم بوونا ئەلکتریکا گشتی ب ڕاوەستین و جهێن شولەژێ ئاگەهدار بکەین و ڤێ کێشێ ژی چارەسەر بکەین کو ئەڤە بۆ جارا گەلەکێیە ئەڤ گرفتە دکەفیتە پێشیا خەلکێ پارێزگەها دهوکێ دا.

پارێزگەها دهوکێ کر نەخاسمە لسەر ئەلکتریکێ، بەرپرسێ لقێ گوت: دڤێت هین وەکو پەرلەمانتار هەر بریار و ڕێسایەکا یاسایی د دەرێخن دڤێت د بەرژەوەندیا هاوولاتییان دا بیت دیسان چاڤدێرێن چاڤ ڤەکری بن ژ بۆ پاراستنا سەرو سامانێ گشتی.

وەسا سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا فەهیم عەبدوللا سەروکێ ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ کر، دڤێ کوم بوونێ دا باسێ خواست و گلەییێن خەلکێ پارێزگەها دهوکێ دا.

هەولێر... دوو تۆمەتبار بەهۆی دوو تاوانی جیاوازەوە دەستگیر کران



بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا ئاشکرای کرد، لە سنووری هەولێر دوو تۆمەتبار بەهۆی دوو تاوانی کوشتنەوە دەستگیر کراون.

دوێنێ یەکشەممە 5/5/2019 بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی بلاو کردەوە ، تێیدا نەقیب سەربەست دارا ڕەسوول، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی تووڕەق ڕایگەیاندووە: ئاگادار کرایەوە بە بوونی دوو ڕووداوی کوشتن لە سنووری بنکەکەمان، ئێمەش گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە و دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی وردکرا، هەروەها توانیمان ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرا بکەین و دەستگیریان بکەین.

ئاماژە بەوەش دراوە، لە تاوانی یەکەمدا تۆمەتبار ک،ح، س تەمەن 29ساڵ، بۆ خۆی لەسەر کێشەیەکی خێزانی کوشتبوو، تۆمەتبارەکەش بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە. ئەوەش خراوەتە ڕوو، لە تاوانی دووەمدا تۆمەتبار م، ب، م تەمەن 22ساڵ، دایکی خۆی کوشتبوو، تۆمەتبارەکەش بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە.

سۆران... یەکەمین دیداری سالانەی پێکەوەژیانی ئایینی بەڕێوەچوو



بەچاودێری وەیسی سەعید وەیسی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ناوەندی بالای سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکەمین دیداری سالانەی پێکەوەژیانی ئایینی لەسۆران سازکرد.

لە مەراسیمەکەدا ژمارەیەک بەرپرسی سیاسی و ئیداری و مامۆستا و کەسایەتی ئایینی ئیسلام و مەسیحی و لاوان بەشداربوون. سەرەتا پێشانگایەکی وێنەیی کرایەوەکەچەندین وێنەنمایش کرابوون کەگوزارشتیان لەپێکەوەژیانی ئایینی دەکردلەکوردستان لە وتارێکدا بەبۆنەی کردنەوی دیدارەکە وەیسی سەعید پەرلەمانتاری کوردستان بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و باسی لە گرنگی پێکەوەژیانی ئایینی کرد لە کورستان کە چەندە دێرین و ڕەگ داکوتا و ڕەسەنەکە هەرێمی کوردستان پڕبەتی لەخۆشەویستی و ئاشتی و پێکەوەژیان کەئەمەشی گەراندەوە بۆ تێگەیشتنی گەلی کورد لە حەقیقەتی ئیسلام و ئیرادەی خوای گەورە. دواتر پانێلەک بۆ هەر یەک لە دکتۆر مەهدی ستونی و مامۆستا ئیڤان جانێ بەڕێوەچوو کە لەمیانەی پێشکەشکردنی بابەتەکانیان باسیان لە گرنگی هەبوونی پێکەوەژیان کرد و گرنگیدانی زێتر و پاراستنی پێکەوەژیان لە وتەکانیان خستەڕوو، هەڕەک جەختیان لەپاراستنی شوناس و ناسنامە و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان کردەوە کە ولاتی هەمووانە و هەمووانیش بەرگریکار و پارێزەری ئەو نیشتیمانە شیرینە بین.

هەرلەدیدارەکەدا ڕێزلێنانی تایبەت پێشکەش بەژمارەیەک کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای ئایینی موسلمان و مەسیحی و کۆمەلایەتی و چالاکوانی کۆمەلگای مەدەنی و ڕاگەیاندکاران نرا کە ڕۆلی گرنگیان هەبووە لە پاراستن و قولکردنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی لەدەڤەرەکەدا.



ئەنجوومەنی فەتوای هەرێم، بازرگانی کردن لەگەڵ دوو کۆمپانیا حەرام دەکات

ئەنجوومەنی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان ڕایەگەیێنێت دوای وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەم جۆرە مامەڵانە و تێڕامان لە دەقە شەرعییەکان، بڕیان ڕوون بووەتەوە کە مامەڵەکردن لەگەڵ کیونێت و فۆرێڤەر و هاوشێوەکانی حەرامە و داوا لە هاونیشتمانیان دەکەن خۆیانی لێ بپارێزن. ئەنجوومەنی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە 2019/4/30 وەک لە ڕاگەیێندراوەکەیاندا هاتووە، پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد لەم جۆرە مامەڵانە و تێڕامان لە دەقە شەرعییەکان و ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمەلێک لە پسپۆڕانی فیقهی ئابووری ئیسلامی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بڕی ڕوون بووتەوە کە مامەڵەی بازرگانی شەبەکی و هەرەمی بەگشتی و، بەتایبەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیای کیونێت و فۆرێڤەر و هاوشێوەکانی لەڕووی شەرعییە حەرامە و، داوا لە هاوولاتیانی کوردستان دەکەین خۆیانی لێ بپارێزن، وەک پێشتریش لە فەتوای تایبەت بە هەڵپەساردنی مامەڵەکردن بە کیونێت باسی لێوەکراوە.

ئیدارا ئەلقوش داخاز دکەت ب فەرمی ڤەگەریتە سەر هەرێما کوردستانێ

خەبات ـ ئالان شەهاب:

لارا یوسف ڕێڤەبەرا ناحیا ئەلقوش ب خەبات ڕاگەهاند : ل حەفتیا بوری مە سەردانا سەرۆکێ حوکمەتا هەرێما کوردستانێ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کرینە ژ بۆ چەندین پرسێن گرنگ پێن گرێدای ب ناحیا ئەلقوش. ناڤهاتی خۆیا کر کو وان داخواز ژ سەرۆکێ حوکمەما هەرێما کوردستانێ کرینە ناحیا ئەلقوش ب تەمامی ڤەگەرێت سەر پارێزگەها دهۆک ڤە ، ژ بەر ئیدارا ناحیێ سەر ب مووسل ڤەیە یا بێ بەهرە ژ هەموو جورێن خزمەتگوزاریا و گوت: دێ هەموو بزاڤا کەین کو ئەڤ ناحیە ڤەگەریتە سەر ب ئیدارا هەرێما کوردستانێ ڤە ببیتە ئێک ژ ناحییێن پارێزگەها دهۆکێ. لارا یوسف ئەو یەک ژی دیار کر کو چەندین داخوازییێن دی ژ سەرۆکێ حوکمەتێ کرینە بۆ دابینکرنا پرۆژێن خزمەتگوزاریێ بۆ سنوریّ ناحیا ئەلقوش و دەوروبەرێن وی

سلێمانی... دەستگیرکردنی 25 تۆمەتبار ڕاگەیاندرا



نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەستگیرکردنی ژمارەیەک تۆمەتبار و ئاماری کاروچالاکییەکانی لەبەروارێ 15/4/2019تا 5/5/2019ی خستەڕوو.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد ڕایگەیاند، لە28/4/2019 ستێ تۆمەتبار دەستگیرکراون بەپێی مادەی14 ی موخەدەرات، یەکێکیان لە شەش بنکەی پۆلیس داواکراو بووەو فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە. دەستیشگیراوە بەسەر 10گم مادەی هۆشبەرو چەند کەلوپەلێک بۆ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر. تۆمەتبارەکان دانیان داناوە بە تاوانەکەیاندا لەبەردەم دادوەردا و ئەم دۆسیەیە هەوالەی هۆیەی مادە هۆشبەرەکان دەکرێت لە ئاسایشی سلێمانی.

گوتیشی: لە3/5/2018 دوو تۆمەتبار دەستگیرکراون کە بڕی 100 گرام کۆکاین و 10گرام کریستاڵ و250 گرام مادەیەکی تریان پێبووە لەگەڵ دەمانچەیەک، بەهەمان شێوە دۆسیەی ئەم تۆمەتبارانەش هەوالەی هۆیەی مادە هۆشبەرەکان دەکرێت لەئاسایشی سلێمانی.

نەقیب سەرکەوت ڕوونیکردەوە، دوێنێ یەکشەمە تۆمەتبارێک بەپێی مادەی 406لەیاسای سزادان دەستگیرکرا کە پێشتر فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە بەتاوانی کوشتنی کەسێک، تۆمەتبارەکە چەکێکیشی پێبووە دەستی بەسەردا گیراوە.

ئەوەشی گوت: دوێنێ هێزەکانی پۆلیس دوو تۆمەتباریان دەستگیرکردوە کە دوو کەسیان ڕووتکردۆتەوە و بڕی 120هەزار دۆلار و چوار هەزار یۆرۆ و ئوتومبێلی تۆمەتبارەکان دەستی بەسەردا گیراوە.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە 25 تۆمەتبار لەلایەن بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە دەستگیرکراون بەپێی ماددەکان 443 ، 446 ، 452 ، 21لە یاسای چەک.

نەقیب سەرکەوت ڕاشیگەیاند، مانگی ڕابردوو لەلایەن بەش و بنکەکانی پۆلیسی سلێمانی 777کەس دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا بە تۆمەتی کوشتن، شەرکردن، دزیکردن لەمالان و مارکێتەکان.

ئەوەشی خستەڕوو کە زیاتر لە 10 گازینۆ و یانەی شەوانە بە بڕیاری دادوەر داخراون، بەهۆی پابەندنەبوون بەمەرج و ڕێنماییەکانی گەشتوگوزار و ئەنجامدانی قومار تێیاندا و خاوەنەکانیان دراونەتە دادگا.

ئاشکراشیکرد، لەدرێژەی هەڵمەتەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەک و تەقەمەنی و ئامێری بریندارکەر، 136 دەمانچە، 66 کلاشینکۆف، 13 تاپۆ، یەک دوربین و زیاتر لە 600 چەقۆی جۆراوجۆر دەستیبەسەردا گیراوە و هەڵگرانی بە بڕیاری دادوەر بەندکراون و ڕووبەڕوی دادگا کراونەتەوە.

بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ئەوەشی گوت: لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستبەسەر 5ئوتومبیلی بێ سەرەتادا گیراوە کە تاوانیان پێ ئەنجامدراوە. هەروەها زیاتر لە 150ماتۆرسکیلی بێ سەرەتا و بێ مۆڵەت دەستیبەسەردا گیراوە کە بوونەتە هۆی پشێوی و بێزارکردنی هاووڵاتیان.

لەکۆتگرەکەدا نەقیب سەرکەوت گوتیشی: هێزی تایبەتی بارەگا کە بەردەوام بازگە لەسەر شەقامو شوێنە گشتییەکان دادەنێت بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی یاساو دەستگیرکردنی تۆمەتباران، دەستیان بەسەر7 کلاشینکۆف و 3 تاپۆ و180 چەقۆی جۆراوجۆردا گرتووە، هەروەها 483 پەردەی ئوتومبیل و 193 لەزگەی جام ڕەشیان لێکردۆتەوە.

پ چاڤدێریا پارێزگەرێ دهوکێ
مزگەفتا شەهیدان هاتە ڤەکرن

خەبات ـ دهۆک:

ب هەلکەفتا هاتنا مەها ڕەمەزانا پیروز، پ چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و ب ئامادەبونا ڕێڤەبەرێ ئەوقافا دهوکێ و چەند ڕێڤەبەرێن فەرمانگەهێن میری و هاولاتییێن تاخێ ڕەزا، مزگەفتا شەهیدان هاتە ڤەکرن.

پشتی ڕێتورسمێن ڤەکرنێ پارێزگەرێ دهوکێ و یێن دگەلدا گەریانەک لناڤ ئاڤاهی کرن وژنێزیک سەحکرنە شێوازێ جوان یێ مزگەفت ل سەر هاتیە ئاڤاکرن.

بڤێ هەلکەفتێ پارێزگەرێ دهوکێ دپەیڤەکێدا بو کەنالێن ڕا گەهاندنێ ئاخفت وپیروزباهی ل خەلکێ باژێرێ دهوکێ کر کو مزگەفتەکا ڕێک و پێک هاتیە ئاڤاکرن ودەست خوشی ل گروپێ یوبی هولدینگ ولیگەسی ب تایبەوتی بەرێز خەلیل وبرایێن وی کر وخواست ئەڤ مزگەفتە ببیتە جهێ خێر وخوشیێ وببیتە سەنتەرەک بو ئاڤاکرنا وەلاتی وهیڤی خاست کو ئەڤ مزگەفتە ببیتە جهێ بەلافکرنا پەیاما ئاشتی وبرایەتی وپێکڤەژیانێ وخواست کو ئەوقافا دهوکێ وئێکەتیا زانایان وئەو کەسێن قەستا مزگەفتێ دکەن ڤێ جهێ ئایینی یێ شارستانی ب پارێزن ژهەمو ڕویەکیڤە.

هەژی گوتنێ یە مزگەفت ل سەر ڕوبەرێ 2500م دوجار هاتیە ئاڤاکرن و 39 قوبە ل سەر ئاڤاهی هەنە دگەل دوومنارا و پێنج هول تێدا هەنە چار بو نڤێژا و دوو ژی بو بەهیا و 3000 کەس دشێن نڤێژا لێ بکەن. مزگەفت ژلایێ گروپێ یوبی هولدینگ و لیگەسی هاتیە ئاڤاکرن.




برایەتی
BIRAYETI
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا
سەرۆک بارزانی:
پێویستە «برایەتی» هەمیشە دەنگی ڕەوای گەلەکەمان و هۆیەکی گرنگی پێکهێنانی ڕای گشتیی بێت لە کوردستاندا


برایەتی
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
پێشەوا بارزانی:
باهەوڵ وتەقەلامان یەک بخەین بۆچەسپاندنی ئاشتی و دیموکراتی و یەکێتی نیشتمانی وشادبوونی کوردستان بەتۆتونۆمی

لە یادی دەرچوونی برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی

ئەسعەد عەدۆ: گەمارۆی ئابووری و بارودۆخی ڕاپەڕین ئاستەنگ بوون بۆ پەیداکردنی کاغەز

خەبات - ساسان دەرویش

لەنێو ڕۆژگارە سەخت ودژوارەکانی شۆڕش وبەرخودانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگ و دەستپێشخەربووە بۆ چاپ وبڵاوکراوەکان و گەیاندنی دەنگی شۆڕش و پێشمەرگە و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی ولەکۆڵنانی خەمی ڕۆژانەی خەڵک وتۆمارکردنی ڕۆژە میژوویییەکان، کە پشکی شێری بەردەکەوێت لە نێو میژووی پرسەروەری کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا و شانازی بکات بە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی، برایی یاخود برایەتی لە 6/5/1967 بڵاوکراوەتەوە دواتر بەچەند قۆناغێکی میژوویدا تێپەڕیوە کە ڕووناکبیر و نووسەر فەرهاد عەونی لە ساخکردنەوەی ئەم میژووە ماندوونەناسانە توانی میژوویی خولەکانیمان بۆ دیاری بکات، لە دوای 19ساڵ دابڕان لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ئەم ڕۆژنامەی خۆی لەباوەشی خوێنەران وئازیزانی کردەوە بۆ ئەم مەبەستەش بەپێویستم زانی گفتوگۆیەک لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ بکەم کە لە دەرچوونی برایەتی ڕۆژانە لە سەرەتای ئاداری 1993تا سەرەتای تشرینی یەکەمی 1995بەڕێوەبەری نووسینی برایەتی بووە.


پەیامنێری خەبات لەکەڵ ئەسعەد عەدۆ

ڕۆژنامەی ڕۆژانە


هەڵبەتە بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی لەوشێوەیەش چ لەسەردەمی شاخ بێت یاخود شار بێگومان تووشی ئاستەنگ و گیروگرفت بۆتەوە بەتایبەتی لەودابڕانەی لەدوای نسکۆ و سەر لەنوێ کارکردنەوەتیدا لە ڕاپەڕین، ئەسعەد عەدۆ وەک دەستەی دامەزراندنەوە ودواتر بەڕێوەبەری نووسین گووتی: ئەوە ئێمە بووین کە لە ژمارەی دەست تێپەڕی نەدەکرد کە ڕۆژانە پێشنیارمان دەکرد کە زۆر پێویستە پارتی وەک زەمانی زوو ببێتەوە خاوەنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە چونکە لە دوای ڕاپەڕینی سەرتاسەری ?1991 ڕاگەیاندن زۆر سارد بوو تەنیا ڕۆژانە چەند سەعاتێک ڕادیۆ هەبوو دوو هەفتە جارێ ڕۆژنامەی خەبات، جارێ بەعەرەبی و جارێ بەکوردی دەرئەچوو لە دەرەوەی مەڵبەندی شاریش بوو بۆ نموونە بارەگا لە شەقڵاوە بوو، سەرەتا بۆ ئەوەی تەکانێ بەرە وجموجۆڵی باشتر بۆ ڕاگەیاندن باوێنی نووسینگەی ڕاگەیاندن لە شارە گەورەکان دانران من وەک بەرپرسی نووسینگەی هەولێر، لە سلێمانیش خۆبەخۆ هۆشیار جاف و ساسان دەرویش خۆیان بابەتیان بۆ سەرەتاکانی خەبات دەنارد بۆ شەقڵاوە، دواتر لەگەڵ دامەزراندنی بارەگایی برایەتی وخەبات لە هەولێر، نووسینگەی سلێمانی و دهۆک و شارۆچکەکان کرانەوە، بەحوکمی نزیکیم لە بارەگای سەرکردایەتی، ڕۆژانە پێشنیارەکەمان دووبارە دەکردەوە، بەینی خۆمان بێت سەرەوەمان زۆر دڵنیانەبوون کە بتوانین ئەرکی دەرچواندنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە ڕاپەڕینین لە زۆر ڕووەوە، دارایی، هونەرکاری ڕۆژنامەگەری، چاپخانە، هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هەرچۆنێک بێت بە ئیلحاحی مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم، زاهیر ڕۆژبەیانی، بەندە، زادوق ئادەم سەرکردایەتی گەیشتە ئەوقەناعەتە کە پێویستە ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان هەبێت بەحکومی ئەوە من خەڵکی هەولێر بووم جەنابی کاک مەسعود بارزانی پێشنیاری کرد سەرەتا بەندە سەردانی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و مەسەلەی چاپخانە و دابینکردنی کاغەز، حوبر، پلێت، فلم ....هتد، ئەویشم بەسەرکەوتووی ئەنجامدا ئینجا لیژنەیەک لەم بەرێزانە دانران، ئەسعەد عەدۆ، زاهیر ڕۆژبەیانی، زادۆق ئادەم، بۆ بەکرێگرتنی بارەگا و کەلوپەلی پێویست، لە شوباتی 1993بڕیاردرا نووسینگەی هەولێر لەگەڵ ئەوئامادەکاریە دەمێ بکرێتەوە، ئەگەر هەڵە نەبم بە دەستی خۆم 126کارمەندی هەمەجۆرمان دامەزراند، کە بیرم دێت ئێوە پێشتر لە شەقڵاوە دامەزرابوون هۆشیار و تۆ، بارەگا هاتە سەرشەستی کۆنە مەتعەم ئەسماک لە 1/3/1993 ڕۆژنامەی التاخی بەعەرەبی لەسەر ژمارەی کۆن دەرمانچواند لە 2/3/1993 کرا بە ڕۆژنامەی برایەتی بەکوردی بە هەمان ژمارەی عەرەبیەکە، بەر لە دەرچوونەوەی ڕۆژنامە مەکتەبی سیاسی بڕیاری دەرهێنابە حەبیب محەمەد کەریم سەرنووسەر و ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسین و محەمەد زادە بەڕێوەبەری هونەری، دوای چەند مانگێک بارەگامان نزیک سەرۆکایەتی زانکۆ کردەوە، لە دوای کۆنگرەی 11ی حیزب سیستەمی مەکاتبی دامەزراند کە کاک سامی عەبدالرحمن کرا بەبەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندن هێندەی نەبرد چەند کادیرێکی حزبی شیوعی هاتنە ڕیزی پارتی کە بریتی بوون لە سەرۆ قادر و ئاسۆ کەریم و شەماڵ حەویزی وەک دەستەی نووسەران دانران هەربەک لەو بەرێزانە بوون بەبەرپرسی لاپەڕە و ئەندامی دەستەی نووسەران زۆری نەبرد مام حەبیب بۆخۆی وازیهێنا لە ئەنجامدا مامۆستا فەرهاد عەونی بوو بەسەرنووسەر، خوالێخۆشبوو هەناسەیەکی قوڵ و چاوی لە فرمێسک گوتی: بەداخەوە ئەوە پاداشتی ڕەنج وماندووبوونمان بوو کە خۆنەویستانە کارمانکرد و ماندووندەبووین بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی ڕۆژنامەکە و کار و پیشەیی ڕۆژنامەگەری کە دەنگی چاپەمەنی دیسان لەسەر بڕیاری هێژا بارزانی بە ئامادەبوونی شەهید شوکت لەڕێگای خالد خۆشناوی هێمن گروپ لە دوای 17 ڕۆژ پێکەوە پێشوازیمان لە 75تۆن کاغەزی ڕۆڵ کرد بە نۆ لۆری گەیشتن کە ئەوکات بەموعجیزە دەژمێردرا لەبەر ئابلۆقەی نێودەوڵەتی.

گواستنەوەی هەوڵ گرفتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە بوو

لەو بارودۆخەی ڕاپەڕین و نەبوونی پەیوەندی و پێکەوەبەستن بەتۆڕی تەلەفۆنات و تەکنەلۆژیایی ئێستا هیچی نەبوو تەنها لە ڕێگایی لاسلکی لق وناوچەکان و هاتووچۆی سەیارەی ڕێگاکانی شارەکان دەکرا بۆ بە دەسکەوتنی هەوڵ و هێنانی بابەتەکان ئەسعەد عەدۆش دەڵێت: ئەوکات تا هەوڵێکم بۆ پەیامنێران پەیدا دەکرد دەردەسەریمان دەدی بەتایبەتی لە ڕێگایی جیهازی لاسلکی، ئێستایش بەچاوچوقانێک دونیادێتە بەردەستان، بۆیە داواکارم لە برادەرانی ئێستا بزانن ئەوەی ئێستا لەبەر دەستیانە لە خووت وخۆڕایی بۆیان مەیسەر نەبووە، لە زەمەنی نووسینگەش جگە لەبەندە کەس کەسی تر نەبووە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و دابینکردنی بۆ ڕۆژنامەکە لەو کات و ساتەدا .

لەبیرکردنی ڕۆژانی شەڕی شومی نێوخۆ

لە دوای ئەو هەموو ماندووبوونەی ڕۆژنامەنووسانی برایەتی وخەبات دەیانکرد پێشمەرگە ئاسا بۆ ڕۆژنامەیەک کە دەنگی خەڵک وگەیاندنی پەیامی نەتەوەیی بوو، لەبەر چاوی خەڵکی ڕاپەڕیو لە شەڕی شومی نێوخۆ سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسانی ئەم ڕۆژنامە تازیزەکرا کە ڕۆژانە بە تامەزرۆوە خەڵک لەباوەشیان دەگرت لەنێو شەقامی گشتی ڕۆژنامە سوتێنرا وبارەگا تاڵانکراو ڕۆژنامەنووسان دەربەدەری شاران کران بەخۆم وهەقاڵەکانم لە نووسینگەی سلێمانی بۆ هەڵبجە و پیرمام هەریەکمان لەم تاڵاوەمان چەشت، ئەسعەد عەدۆ بەهەڵکێشانی بەداخەوە لە 25/12/1994 ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژەی ئێمە لە شەقامی شێخی چۆلی لە پێش چاوی خەڵک سووتێنرا وسیاردەکیان برد لە شەوی 30/12/1994بەندە وەک بەڕێوەبەری نووسین لە ماڵ فراند ومانشێتی /31/12 1994لەسەر فراندنی من بوو، بەڵام هێزێکی چەکداری یەکێتی بارەگای ڕۆژنامەیان لەگەڵ چاپخانە داگیرکرد و ڕۆژنامە ئیتر دەرنەچوو، دوای بەربوونم ئینجا گەیشتمەوە پیرمام و لەگەڵ هەموو هاوکارانم توانیمان درێژە بە برایەتی بدەین لە پیرمام تا ئەوکاتەی لە 5/10/1995 کوردستانم جێهێشت و پەیوەندیم بەبرایەتی نەما لەگەڵ ئازادکردنی هەولێر جارێکی تر ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژانە بڵاوکرایەوە تا ئەوکاتەی پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق 2003 هاتە پێشوو ناوەکانی گۆڕا بەهەیوام ئەو ڕۆژانە لەبیربکرێت بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ئازادی تاک وسەرخستنی کوردستان.



سەڵاح هالو

پێکەوەژیانی ئاشتیانە و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان


پرنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە یەکێکە لە پرنسیپە گرنگەکانی گیانی دیموکراسی،

هەرێمی کوردستانیش وەک هەرێمێکی فرە ڕەنگ لە ڕووی ئایینی، نەتەوەیی،زمان و..هتد.

چەندین پێکهاتەی جیا جیای لە خۆ گرتووە. بۆیە گرنگیدان بە پرنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. خۆشبەختانە تاکو ئێستا ڕوحی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردنی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان جێگیرە، سەرباری ئەوەی دوژمنانی کوردستان زۆر هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن پێکەوە ژیانی ئایشتیانە لەکوردستان تێکبدەن بەمەبەستی باشتر جێبەجێ کردنی ئەجندا و نەخشە سیاسیەکانی خۆیان، بەڵام نەیانتوانیوە درز بخەنە نێوان نەتەوە و زمان و ئایین وئاینزا جیاوازەکانی کوردستان و گیانی دیموکراسی زاڵ بووە بەسەریاندا.

لە هەرێمی کوردستاندا بە یەکەوە هەڵکردن و قبوڵکردنی یەکدی بە هەموو تایبەتمەندییەکانەوە لە ئاستێکی بەرز دایە کە بە هیچ شێوەیێک بەراورد ناکرێت لەگەڵ وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان، چونکە هەرێمی کوردستان بە پرۆسەیێکی سیاسی دیموکراسیدا گوزەری کردووە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە. بەڵام دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان زۆربەیان هەڵگری هزری ناسیۆنالیستی عەلمانی و ئایینین، ئەمەش بێجگە لە ڕەتکردنەوەی ئەوانیتر واتە غەیری خۆیان هیچی تری لێ بەرهەم نەهاتووە و بووەتە هۆی دروستبوونی فەوزای سیاسی ، ئایینی، نەتەوەیی و زمان و ...هتد. سەقامگیری سیاسی و ئاشتیی کومەڵایەتی کەوتووەتە ژێر پرسیار گەلێکەوە. هەموو ئەو نەتەوە و ئایین و زمانانەی ئەگەر دور نەڕۆین لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست لە 2014وە تا ئەمڕۆ لە ژێر هەڕەشە و مەترسی تیرۆردا بونە، هانایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا بۆ ئەوەی گیان و ماڵ و کەرامەتیان پاریزراو بێت و گەلی کوردستانیش بە حکومەتەوە بەوپەڕی ڕێزەوە هەمووبانی گرتە خۆ و ئەمە وەک نمونەیێکی زیندوو و بەڵگە لە سەر ئەم قسانە. مەبەستی سەرەکیمان لە نووسینی ئەم وتارە ئەوەیە کە پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیێک کە بیری توند ئاژۆ تیایدا زاڵە و ئەو سیما جوان و شارستانییەی هەرێمیش، دەبێ بزانین بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ئیرهابی فکری دایە بە هەموو جورەکانیەوە.بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم ستراتیژیەتی خۆی لە سەر بنەمای بەهێزکردنی گیانی دیموکراسی دابڕێژێت و پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە ئەولەوییەتی کارەکانی خۆی دابنێت تاکو بتوانێت سەقامگیری سیاسی و ئاشتەوایی کومەڵایەتی زیاتر پارێزگاری لێ بکات، چونکە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی پەیوەستە بە بەیەکەوە ژیان و بەیەکەوە هەڵکردنی پێکهاتە جیاجیاکان لە وڵاتەکەمان.

رۆژئاوا و ئیسلامۆفۆبیا



شۆرش خالید ئازگەیی

2 کۆتایی

یەکێک لە کردەکانی سیاسەت و ئامانجی ماس میدیای رۆژئاوا لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، نمایش کردنی ئیسلام و موسوڵمانە کۆچبەرەکانی ئەوروپایە وەک هەڕەشەیەکی ناسرووشتی شاراوە لەسەر کولتور و شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەوروپاوە.دامەزراوە میدیایەکانی ئەوروپا بە نووسراو و بینراو و بیسراوەوە بە نمایش کردنی سیمایەکی ترسناک و پڕلە مەترسی لە ئایینی ئیسلام، هەمیشە هەوڵیان داوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە هاندانی سیاسییەکان و پەرەپێدانی هەستی پۆپۆلیستی و رق و قین و دەمارگیری نەژادی لە نێو ئەوروپییەکان بگێڕن و کۆمەڵگاکان دابەشی سەر بەرەی " ئێمە" و " ئەوان" بکەن.

داهێنەرانی ئیسلامۆفۆبیا

داهێنانی تیۆری و ئایدیۆلۆژیا لە رۆژئاوا لە ئەنجامی بۆشاییەکانەوە لە دایک نەبوونە و نابێت. ئەوانەی لە پشت ئەم تیپە لە داهێنانن بە پێی ڕووداو و گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی هەناوی کۆمەڵگاوە، هەنگاو هەڵدەگرن و وێنای بۆچوونەکانی خۆیان دەکەن. هاوتەریب لە گەڵ گۆرانکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان و لە پاڵ گەشەی کۆمەڵگاوە لە ڕووی دیمۆگرافیا و جۆری ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چین و تۆژەکانەوە، تیۆری و بیرۆکە دادەڕێژن و بە کردەوەش کار بۆ سەرخستنی دەکەن و ستراتیژی و سەقفێکی زەمەنی بۆ دادەڕێژن.

دوای تەوژمی پەناخوازانی موسوڵمان لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بۆ ئەورووپا، مەترسی گۆرانکاری و ریفۆرم لە مۆدێلی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی و چەمکەکانی وەک یەکسانی و مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی هاتنە ئاراوە. ترسەکەش زیاتر پەیوەست بوو بە ترس و نیگەرانی لە هەڵتەکان یا گۆرانکاری کردن لە بونیادی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و عەقڵییەت و جیهانبینی تاکی جڤاکە ئەورووپییەکان و شوێن گرتنی لە لایەن بیرو فەرهەنگی ئیسلامییەوە.

ئاماژە فەرمی و نافەرمییەکان باس لە بوونی ٣٣ ملیۆن موسوڵمان دەکەن لە سەرتاسەری ئەروپادا. بەشێکی زۆری ئەمان پێک دێن لەو پەنابەرانەی لە ترسی شەر و کوشتار و مالوێرانی و دیکتاتۆریەت و بێدادی و هەژاری پەنایان بردۆتە ئەوروپا و بەشێکی تریشیان لەو موسوڵمانە ئەورووپیانەی وەک، بۆسنییەکان، ئەلبانییەکان، تورکە ئەورووپییەکان، ڕۆمانەکان، تاتارەکانی هەنگاری و ...پێک دێن).

هەردوو بیرمەند، ساموێل هاتینگتۆن و بێرنارد لویس (لە مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٨ لە تەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دواییان کرد) لە ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سۆسیالیستی و ڕۆژئاوا، بیرۆکەی ئیسلامۆفۆبیا و ترس لە پەرەسەندنی شوناس و کولتوری ئیسلامی و موسوڵمانیان لە ڕۆژئاوا خستەڕوو.

لویس کەسێک بوو ڕێک لە ساڵی ١٩٨٨ و دوای کۆتایی هاتنی جەمسەر بەندی نێوان سۆسیالیزم و کاپیتالیزم لە کۆنفرانسێکدا پەردەی لەسەر بۆچوونەکانی دەربارەی کارلێکی نێوان ئیسلام و دیموکراسییەوە هەڵدا و لە بیست ساڵی رابردووەدا بە یەکێک لە بیرمەندە چالاک و ناوداراکانی ڕووبەری گۆڕەپانی فکری نیوکۆنسێرڤاتیڤە (پاریزگارە تازەکان) ڕۆژئاواییەکانن دەناسرێ. وامەزەندە دەکرێ لویس یەکێک بووبێ لەو کەسایەتییە ئەندێشمەندە ڕۆژئاواییانەی کاری لەسەر داهێنانی بیری ئیسلامۆفۆبیاو کردبێ و یەکێک بووبێ لەو روناکبیرانەی هانی ئیدارەی کۆمارییەکانی دا ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە زەبری هێز لەسەر کار لابدەن و عێراق داگیر بکەن.

بنەمای هزری ئیسلامۆفۆبیا

هەموو جۆرە تاپێپێک لە فکر و ئەندێشە، بنەمایەکی پتەو و ستراکتۆرێکی بەهێزی هەیە، کە روناکبیران پشتی پێدەبەستن و لە ڕێگەیەوە پەرە بە بیرۆکە و گریمانەکانی خۆیانن دەدەن.

بۆ دیاری کردنی پەرەسەندنی هۆکارەکانی ئیسلامۆفۆبیا، دوای نزیکەی سی ساڵ ژیان لە ئەورووپا و ئاشنایەتی لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم چەند خاڵە جەوهەریەی خوارەوە بدەم:

1- بە چاوی جەمسەرێکی یەکپارچە و کۆنسێپتێکی جێگیر و نەگۆڕ لە ئیسلام دەروانرێ.

2- ڕەهەندە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و دونیاییەکانی ئیسلام وەک فەرهەنگ و ئایینێکی بێگانەی ناتەبا و نایەکسان بە دیموکراسی ڕۆژئاوا دەخرێتە ڕوو.

3- بەدەر لەمەش ئەم ئایینە وەک کۆنسێپتێکی خێڵەکی و ناعەقڵانی لە قەڵەم دەدرێت!

4- ئیسلام وەک ئایینێکی تووندوتیژی گەلانی دواکەوتوو، دڕندە و سەرچاوەی تیرۆر پێناسەی ببۆ دەکرێ!

5- وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی و سەربازی حیسابی بۆ دەکرێ!

6- ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە هەرجۆرە ڕەخنەیەک لە ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی ئەورووپی و ئەمریکی بێنرخ و بێ بەهایە و نابێ ڕەخنە لە فەرهەنگ و شارستانیەتی پێشکەوتووی سەردەستەی ڕۆژئاوایی بگیرێ!!!

7- ڕۆژئاواییەکان بە ڕەت کردنەوەی کۆی گشتی ئیسلام و تایبەتمەندییە ڕۆحی و مەعنەوییەکانیەوە، ڕێگە لە موسوڵمانان (بە گشت بیر و بۆچوون و لقەکانیەوە) دەگرن ڕۆڵیان لە پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی و بەشداری کردن لە ژیانی دیموکراسی و سیاسی و ئیدارید هەبێ و حیسابی هاووڵاتی ئاسایی خاوەن ئەرک و فەرمانیان بۆ ناکرێ. (ئەرکەکان دەبێ ئەوان لە پاڵ ئەم هۆکارانەی سەرەوە، کۆمەڵێک دامودەزگا و دامەزراوە و ئۆرگانی فەرمی و نافەرمی کۆمەڵگاش لە هاندان و پەرەپێدانی ئەم شەپۆلە لە ئیسلامۆفۆبیا، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر و نکۆڵی لێنەکراو دەگێڕن. لەوانە:

1- گرووپەکانی پرو-ئیسرائیلی

2- فاشیستە سپی پێستەکان

3- مەسیحیە یەهۆدییەکان (مەسیحیە پرۆتێستانت و پارت و بزاڤە کۆمۆنیستی و کەمینە دژە ئایینەکان وڵاتانی ئیسلامی).

هۆکارەکانی ئیسلامۆفۆبیا

شاراوە نیە دوای جەنگی بۆسنە و هەرسگ و قەتڵ و عامی هەشت هەزار موسوڵمان لە لایەن سێربە تووندڕۆکان، ڕووداوە تیرۆریستییەکانی یازدەی سێپتامبەر، ڕووخانی سەدام و جەنگی ئەفغانستان و دواتر زنجیرە هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەورووپا لە لایەن تاقمەکانی سەربە تەنانەت زۆربەی موسوڵمانان بە دوو تا سێ جیاوە، لەو گەڕەک و کۆمەڵگە نیشتەجێ بوونانەدا کۆ دەبنەوە کە لە زاراوەی سیاسیدا بە (گێتۆ) ناونراون و فەزای گشتی لەم گەڕەکانە تەواو نامۆیە بە فەزای گشتی ئەو شارو وڵاتەی ئەمان تیایدا هاووڵاتین. ئەم گەڕەکانە بە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە دەورە دراون و بە جۆرێک لە جۆرەکان تەوا بە کۆمەڵگا دابڕاون و خاوەنی یاسا و ڕێسا و دونیایەکی تایبەتی و پەروەردەی تایبەت بە خۆیانن.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ئەم ترسە، بەرز بوونی ڕێژەی لە دایک بوونە لە نێو کۆمەڵەی موسوڵمانانی ئەورووپی بە بەراورد بە کەمی ڕێژەی لە دایکبوون لە نێو ئەورووپیەکاندا. ئەم حاڵەتەش وایکردووە جۆرێک لە ترس و نیگەرانی لە لایەن ناوەندە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپی بەرامبەر بە زێدە بوونی ڕێژەی دانیشتوانی موسوڵمان بێتە ئاراوە.

هەرلەم چوارچێوەیەدا ئۆربانی سەرۆکی هەنگاریا مانگی ڕابردوو داواکارییەکی ئاراستەی خەڵکی ڕەسەنی هەنگاریا کرد کە هەوڵ بدەن ڕێژەی منداڵبوون بەرز بکەنەوە و هەر بنەماڵەیەک ئەم داواکاریە جێبە جێ بکات، باجی کەمتری دەخرێتە سەر و حکومەت هاوکاری مادی زیاتری بۆ تەرخان دەکات.

ترس لە زێدەبوونی ژمارەی موسوڵمانان، تووندڕۆکانی هێناوەتە سەر هێڵ و ئەمان پێیان وایە ئەگەر پرۆسەکە بەم میکانیزم و شێواز و خێراییەوە بروات، ڕەنگە لە پەنجا ساڵی داهاتوودا، ڕەگەزێک نەمێنی بە ناوی ڕەگەزی ڕەسەنی ئەورووپی و شارستانیەتی ئیسلامی وەک ئیمپراتۆرێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات و نفوز، لە سەرتاسەری ئەوروپادا بڵاو دەبێتەوە و شوێن پێی خۆی قایم دەکات و دواجار دەبێ بە جەمسەرێکی ئیسلامی و ڕامالینی شارستانیەت و کولتوری ئەوروپی لێ دەکەوێتەوە.





کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کوردستان

Hurriyetdailynews

وەزیری دەرەوەی تورکیا ، مەولود چاوش ئوغلو لە هەولێر لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە... پەیوەندییەکانی حکوومەتی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئاسایی کردنەوەدایە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کە لە سێپتامبەری دوو هەزار و حەڤدە بەڕێوە چوو.



تورکیا بەردەوامە لەسەر هەڵپەساردنی کورد لە دەرەوەی وتوێژەکانی ئاشتی سووریا

Al-Monitor

کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ڕووسی ، تورکی و ئێران لە ئاستانەی پایتەختی کازاخستان بەبێ نوێنەرانی کوردی سووریا لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی سووریا بەڕێوە دەچێت، چونکە تورکیا ڕازی نیە کورد بەشدار بێت. ئەم خولەی دانوستانەکانی ئاشتی پێدەچێت ڕاگەیاندنی لیژنەی دەستووری سووریا بەدوای خۆیدا بهێنێت و دەستوورێکی تازە بۆ سووریا پێشکەش دەکرێت.



تۆڵەسەندنەوەی کورد لە تورکیا

CounterPunch

دوای هەژدە ساڵ لە دەسەڵات و سەرکەوتنی ئاکەپە ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەناکاو خۆی لە نێو کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی دیتەوە. لەم سۆنگەیەوە ، کورد ، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە کەمکردنەوەی دەنگەکانی ئاکەپە و شکستی کاندیدانی ئاکەپە لە شارەوانیە گەورەکانی ئەستەنبول و ئەنکەرە ، ئیزمیر ، ئانتالیا ، میرسین ، ئەدەنە لەهەمبەر کاندیدانی جەهەپە و پارتەکانی دیکە.



کشانەوەی ئەمەریکا لە سووریا هەڕەشەی بووژانەوەی زمانی کوردی دەکات

Haaretz

بووژانەوەی زمانی کوردی لە کوردستانی سووریا لە ژێر هەڕەشەدایە بەو پێیەی ئایندەی ناوچەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بەندە بە ڕاگەیاندنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا کە بوونیان لەم وڵاتە کوردانی سووریای لە دەستی ڕژێمی سووریا و هێرشی داگیرکاری تورکیا پاراستووە.

کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی



وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی بەناوی ناسکە نایف عثمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ڕەگەزنامەی عیراقی بەناوی حسین اوغز شمس الدین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فقدان الهوية

-فقدان الهوية الصادرة من الهيأت العامة لتشغيل مشاريع الري والبزل / ديالى،باءسم (صباح علي عزيز) ،الوظيفة / حرفي ،رقم الهوية ١٥١٩١ ، تاريخ الاصدار ٢٠ / ٥ / ٢٠١٣ ، تاريخ النفاذ : ١٩ / ٥ / ٢٠١٧

***

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ٢٣/مواد/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٥

اعلان

الى المدعى عليه (زياد جبرائيل نوح) السكن تلكيف قرية باطنايا سابقا ومجهول محل الاقامة حاليا

اصدرت هذه المحكمة قرارها المرقم بالعدد ٢٣/ مواد/٢٠١٩ في ٢٠١٩/٤/٢٨ والمتضمن بابطال عقد الزواج المرقم ٢٠١٥/١٤٥ والصادر من محكمة المواد الشخصية في تلكيف بتاريخ ٢٠١٥/٨/٢٣ بينك وبين زوجتك المدعية (نغم نجيب مروكي) قرارا قابلا للاعتراض والتمييز وعند عدم اعتراضك ضمن المدة القانونية البالغة ثلاثين يوما سوف يكتسب الحكم الدرجة القطعية ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين وصدر الحكم بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨

القاضي / حسام الدين احمد علي

***

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ١١/مواد/٢٠١٩
التاريخ٢٠١٩/٥/٢

اعلان

الى المدعى عليها (كوردستان بيبو سيتو) تسكن قضاء الشيخان مجمع مهد سابقا ومجهولة محل الاقامة حاليا

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨ بتصديق الطلاق الخارجي الذي اوقعه المدعي (سرهات عيدو علي) عليك والواقع خارج المحكمة بتاريخ ٢٠١١/٩/١٠ واعتباره طلاقا بائنا بينونة صغرى ولا يحل احدكما للاخر الا بمهر وعقد جديدين ولا عدة عليك ويجوز لك التزوج من رجل اخر بعد اكتساب الحكم الدرجة القطعية حكما غيابيا بحقك قابلا للاعتراض والتمييز وعند عدم قيامك بالاعتراض او الطعن تمييزا ضمن المدة القانونية البالغة ثلاثون يوما سوف يكتسب الحكم الدرجة القطعية وصدر الحكم بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨

القاضي / حسام الدين احمد علي

***

مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري فى طق طق
العدد : ٣١٨
التاريخ : ٢٠١٩/٤/٢٩

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ (٢٠١٩/٤/٢٩) لتسجيل تمام العقار تسلسل (٩٨ محله رزگاری) باسم (بهاءالدين حسين عبدالله) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمدة القانونية , ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا التسجيلوفق احكام قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب . فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقديم ماليديه من بينات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذا الاعلان وكذالك الحضور في موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا الاعلان وذالك لاثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذى سيجري في اليوم المذكور لهذا الغرض .

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى طق طق
ياسين برايم صابر

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
التاريخ: ٢٠١٩/٣/٢٧
العدد: ٣٠٧/ ش/ ٢٠١٩

اعلام

الي المدعي علية / عباس مولود نادر

اقامت المدعية (شنو جاسم نادر) الدعوي المرقمة (٣٠٧/ ش/ ٢٠١٩) و تطلب نفقة ماضية و مستمرة لها ولابنتها (زينة عباس مولود)، وبما ان محل اقامتك غير معلوم حسب اشعا مختار محلة شيروانة، لذا قررت هذة المحكمة تبليغك عن طريق صحفيتين يوميتين محليتين لحضورك امام هذة المحكمة بتاريخ (٢٠١٩/٤/٢٨) الساعة (٩) صباحا، يوجب الحضور بنفسك او بوكيل عنك و بعكسة تجري المرافعة بحقك غيابيا و علينا.

القاضي/ بروين علي احمد

***

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
ژمارە: ٢٤٧٤
بەروار: ٢٠١٩/٥/٥

پرۆژەی (دابین کردنی کەلوپەل (اثاث) و ئامێر و کەل و پەلی کارەبایی بۆ باڵەخانەی نوێی کۆمەڵگای دەروازی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران)
ژمارە کەمکردنەوە: ٢
ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری/ کەمکردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی کەلوپەل (اثاث) و ئامێر و کەلوپەلی کارەبایی بۆ باڵەخانەی نوێی کۆمەڵگای دەروازی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران) جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەماوەی ١٥ پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٦ تا ٢٠١٩/٥/٢٠ بۆ سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری) بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی ناوبراو لەسەرەوە لەکاتی گەرانەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت و ناونیشانی بەڵێندەر یان کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و لەناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری) و دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٠ دەبێت.

مەرج نییە وەزارەتمان بە کەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەی بۆ ڕادەسپێردرێت.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- پێویستە بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ٣٪ گۆڕەی پێشکەش کراو بەچەکی پەسندکراو دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی پسوولەی وەرگرتنی.

٢- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بۆ ساڵی/ ٢٠١٩

٣- پێویستە کۆمپانیا کاری هاوشێوەی (اعمال مماثلة)ی تایبەت بە ئاث ئەنجام دابێت.

٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە ٤٥ ڕۆژە.

٥- نرخی فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠)سەد هەزار دینار کە گەرانەوەی نییە.

٦- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار.

٧- لەسەر بەڵێندەر پێویستە پابەندبێت بەهەموو برگەکانی (مەرجە تایبەتیەکانی پرۆژەکە) کە لە ٢٦ برگە پێك هاتووە.

٨- فرۆشتنی ڕۆژانە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی تاکو ١ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

٩- فرۆشتن رادەگیرێت (١)یەك ڕۆژ پێش داخستنی صندوقی تەندەر واتا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٩ کاتژمێر (١) دوای نیوەڕۆ.

منصور سامی فاضل
بەڕێوەبەری گشتی دیوان بەوەکالەت

***

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ١٥١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٥
ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (١٩١) کەرتی ٨/باڵکیان هاوڵاتی (عیشە محمد حسین) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆزاندنەوەی پارچە زەوی ژمارە پێکراو بۆ بەڕژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د.عبدالرحيم عمر مصطفى
سەرۆکی لێژنە

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٦٩٦/ب/٢٠١٧/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (احمد عبدالسلام علی)

ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (٢٦٩٦/ ب/٢٠١٧/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لە لایەن داواکار (طالب عطية كريدى) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/١٤) بە پاشملە بڕیاری دا بە پابەند کردنت بە دانی بڕی پارە (٢,٢٧٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ کورانی عنکاوە) لە ٢٠١٧/١٠/١١ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی، وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری

بۆ/ عبدالرحمن سعيد قادر

لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (طاهر صالح حمدامين) کە بڕی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار + ١١٠٠٠ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری

بۆ/ ڕێبین عبدالرحمن سعید

لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیەوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (طاهر صالح حمدامين) کە بڕی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار + ١١٠٠٠ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ١٤٧٩/ب/٢٠١٨/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
پێڕاگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى)

داواکار (کبری اکرام محمد) داوای ژمارە ١٤٧٩/ب/٢٠١٨/٧ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى) ئەم دادگایە لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٢ بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی ١١٢٠٠٠٠٠ یانزە ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار، وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ ناحیەی کەسنەزان کۆمەڵگای لاوان) لە ٢٠١٩/٢/٢١ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی اعتراض وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ حسین علی محمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٨٩٥/ش/٢٠١٨/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/١٠
جاردان

بۆ داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٨٩٥/ش/٢٠١٨/١) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٤/٣) بڕیاریدا لەسەر (بژێوی ڕابردوو بەردەوام) منداڵەکەی (یوسف) بۆ داواکار (کبری اکرم محمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر گەڕەکی (لاوان) بۆیە دادگا بڕیاری بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ (کە دەکەوێتە پشت سەربڕخانەی هەولێر)، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣١١/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بدرالدين محمد نذير حاجی
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣١١/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بەپێ بژاردنی بەبری (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای (هاتووچۆ) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری دووەمی گەرەکی/ شۆرش بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٦٢/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هەڵکەوت حسین عزیز
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٦٢/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بە زیندانی کردنی (الحبس) بۆ ماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ شەهیدان بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٢٥/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ محمد شريف مشجل و قاسم خضر مهاوش
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٢٥/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/٢٤ لەسەرتان بە زیندانی کردنی (الحبس) بۆ ماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبتان نادیارە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوەتان لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٤٦/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/٢١
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (چتو خضر رمضان) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ١٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
سکاڵاکار/ محمد علی شێخە
تۆمەتبار/ ارسلان عبدالله ابراهيم

بۆ تۆمەتبار ارسلان عبدالله ابراهيم كه شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٢٠١٩/ك/١٧ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ عمر ابراهيم محمود

***

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER SUPPLY OF HARDWARE TOOLS - IRAQ <IQ-CO-FD-022-00116>

تەندەر بۆ دابینکردن گەل وپەلەی عیراقی فیدرالی ژ: <IQ-CO-FD-022-00116>

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ڕێکخراوەکە لە37 وواڵات کاردەکات. تۆری نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاکردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) لە عیراق بەتەمای بەخشینی پێکهاتەی ڕێکەوتنە بۆ دابینکردنی گەل وپەلی لە عیراقی فیدرالی ژ: IQ-CO-FD-022-00116 لەم جهی لە باریزگای مووسل(مووسل ،وانە ،تلکیف ، گیارە)

- **IQ-CO-FD-022-00116 (SUPPLY OF HARDWARE TOOLS) in the intervention Area of Ninawa Governorate (Mosul ,Wanna, Telafar & Qayyarah)**

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمەیڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:
Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەی خوارەوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان:
هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. ژەوی 2/332 کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر
دهۆک: جادەی ئامادە ، گەرەکی شۆرش
مووسل: لەم ئیمەیڵە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،
لە کاتژمێر 8:30 ی بەیانی تا 4ی ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service. **No Email submission will be accepted.**

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە یەک زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن. دەبێ زەرفی مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت. . تەندەرەکە دەبێ یا بە دەستی پێشکەش بکرێت وەیا خود بە ناردنی پۆستەوە ، **هەر تەندەرێک بە بێئیمێڵەوە بنێردرێت قەبوولڕ نیە**

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەڵام مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێک لە تەندەرەکەی هەیە.

The deadline for submission of tenders is **June 2nd at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆڵەتی پێشکەش کردنی ئەم تەندەرە لە **2ی حزیران 2019 یە**، لە کاتژمێر 4 ی ئێوارە (بەکاتی عیراقی).

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

KURDISTAN PARTNER/REPRESENTATIVE

An International Technical Training Company is looking for a Partner/ Representative in Erbil in order to expand their business in Kurdistan

Please submit a detailed cv with photograph in confidence at the earliest to:
kurd@haward.org

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئەستێرەی گەلاوێژ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)

پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر

ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٥٨٥٧٨

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
سکاڵاکار/ نازاد خدر عمر
تۆمەتبار/ هونەر رسول قادر
بۆ تۆمەتبار هونەر رسول قادر کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەدژای ژمارە ٨/ك/٢٠١٩ بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٥٣١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری
داواکار: سەروەر سلیمان مصطفی/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ازتیک بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی هێزی کار و خزمەتگوزاری سنوردار/ سەرەرای کارەکەی
داوالەسەرکراو: محمد زهیر کونتراکتەر)
بۆ داوالەسەرکراو: محمد زهیر کونتراکتەر
داواکار (بەڕێوەبەری کۆمپانیای ازتیک داوای ژمارە ٥٣١/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داوا دەکات بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەقەرزی بڕی ٧٢,٥٠٠,٠٠٠ حەفتا و دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی وە خستنە ئەستۆی خەرجی داواکە و کرێی ماندووبوونی پارێزەر وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی واژۆو مۆری موختاری گەرەکی سەرچنار بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ بۆ

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1916:
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆماری دۆمەنیکانی داگیر کرد .



سالی 1941:
بە گەڕانەوەی ئیمپراتۆر هیلاسی لاسی ، ئەسیوپیا سەربەخۆیی راگەیاند.




سالی 1945:
لە جەنگی دووەمی جیهان هێزەکانی بەریتانیا و کەنەدا هۆڵەندا و دانیمارکیان لە دەستی نازیەکان دەرهێنا.



سالی 1955:
ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سەروەریی تەواوی وەدەست هێنا و خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ راگەیاند .



سالی 2016:
ئاگرێکی گەورە لە شاری فۆرت ماکمۆرای کەنەدا کەوتەوە و دەیان هەزار کەس شوێنەکانیان بەجێ هێشت .



سالی 2018:
کەشتی ئاسمانی ئینسایت بە سەرکەوتوویی ڕەوانەی مەریخ کرا.

ئیسپانیا .. پێدرۆ سانشێز

بەڵێنی پێکهێنانی حکومەتێکی لایەنگیری ئەورووپا دەدات







عەبدولقادر کەڵهۆر

سەرۆکی حزبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئیسپانیا پێدرۆ سانشێز رایگەیاند کە حزبەکەی براوەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی وڵاتەکەی بەدەستهێناوە و حکومەتێک پێکدەهێنێت کە لایەنگیری یەکێتی ئەورووپا بێت .

سەرکردە سۆسیالیستەکە گوتی، هەوڵدەدات حکومەتێکی لایەنگیری ئەورووپا پێکبهێنێت،تاکە مەرجیشی بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە ڕێگرتن لە دەستوورو بەهێزکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیە .سانشێز کە حزبەکەی زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی وڵاتەکەی بەدەستهێناوە بەبێ دەستەبەرکردنی زۆرینەی پەرلەمانی، هیچ مەرجێکی پێشوەختە بۆ دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت دانانێت.لەبەرانبەردا سەرۆکی حزبی میللی پارێزگاران لە ئیسپانیا پابلۆ کاسادۆ دووپاتیکردەوە ، حزبەکەی دەبێتە نوێنەری هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمان بۆ حزبەکەی پێدرۆ سانشێز.کاسادۆ لە توێژێکدا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە حزبەکەی نیوەی کورسیەکانی تێدا لەدەستدا گوتی، حزبەکەی بەو پەڕی بەرپرسیاریەتییەوە ڕابەرایەتی ئۆپۆزیسیۆن دەکات و کاردەکات بۆ باشترکردنی ئەو پرسانەی کە تاکو ئێستا چاک نەکراون .

دوای جیاکردنەوەی نزیکەی 99.6% دەنگەکان حزبی میللی 66 کورسی بەدەستهێنا لە کۆی 350 کورسی پەرلەمان، لە بەرانبەردا حزی هاوولاتیان 57 کورسی بەدەستهێنا .جێی باسە هاوولاتیانی ئیسپانیا بە ڕێژەی ئێجگار گەورە بەشداربیان لەدەنگدان کرد کە ژمارەی پێوانەیی بەگوێرەی هەڵبژاردنەکانی پێشووتر تێپەڕاندو بەشێوەیەک دەیان ساڵ دەبێت ئەو ڕێژەی بەشداریکردنە لە دەنگدان تۆمار نەکراوە ، بەڵام پێدەچێت پێکهێنانی حکومەت کاتێکی زۆری بوێت چونکەی کورسیەکانی پەرلەمان ئەوجاریان زۆر بە پەرت و بڵاو لە نێوان حزبەکاندا دابەش بووەو هیچ حزبێک نەیتوانیوە زۆرینەی زۆری کورسیەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت .جێی زانینە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئەوە سێیەمین هەڵبژاردنە ئیسپانیا بەخۆوەی دەبینێت.هەردوو حزبە دەستەبالاکە حزبی ئیشتراکی و حزبی میللی پارێزگار بالیان بەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتە کێشاوە و بەردەوام لە ململانێدان ، بۆیە ئەگەری جارێکی دیکەی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن هەر لە ئارادا دەمێنێتەوە.وای لێچاتووە دیاردەی هەڵبژاردنەکان بووەتە هۆی ئەوەی پەرلەمانێکی بەش بەش و پەرتەوازە بێتە ئاراوە کە دەبێتە مایەی ئەوەی گفتوگۆی دوورو درێژو قوڵی بەدواوە بێت و چەند بارە ببێتەوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەورووپا . ئیتر دەنگدەرانیش لەمەودوا حزبە کلاسیکیەکان ڕەتدەکەنەوە بەدەنگدان وادەکەن حزبی دیکە بێتە پێشەوەو حکومەت پێک بهێنێت .

نەتەوە یەکگرتووەکان..

لە کۆریای باکور 10 ملیۆن کەس برسین



ئا: ل.کاروباری نێودەوڵەتی

ڕۆژی هەینی، پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا ئاستەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە دابەزین کردووە و لە ئەنجامدا چەندین ملیۆن کەس بەدەست کەمی خۆراکەوە دەنااڵێنن . لە ماوەی مانگی ئادار و نیسانی ڕابردووشدا ژمارەیەک شارەزای بواری کشتوکاڵ و خۆراک سەردانی ئەم وڵاتەیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئێستا نزیکەی 10 ملیۆن کەس خاوەنی خۆراکی پێویست نین .

UN نیگەرانە

هیرش فیرهوسێلی وتەبێژ بەناوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە جنێڤ ڕایگەیاند : ئاژانسی خۆراکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێشبینیەکانی تایبەت بە بەرهەمی چێنراوی ئەمساڵی کۆریای باکوور هەست بە نیگەرانی دەکات . ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی سووتەمەنی و ماددەی کیمیاوی پێویستە. شایەنی باسە 43%ی دانیشتوانی هەندێک ناوچەی کۆریای باکوور بە دەست کەمی خۆراکەوە دەنااڵێنن ، بۆیە لەنێو 5 منداڵدا یەکێک دووچاری نەخۆشی جۆراوجۆر بوونەتەوە .

پلانەکانی ڕێکخراوی فاو

ئاژانسی خۆراکی جیهان و ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (فاو) باس لەوە دەکەن کە زۆرێک لە خانەوادەکانی کۆریای باکوور لەماوەی ساڵێکی تەواودا چەند جارێکی کەم هێلکە و جۆرەکانی دیکەی پڕۆتین دەخۆن ، بۆیە ئەوان بڕیاریان داوە کۆمەک پێشکەشی نزیکەی 770 هەزار مندااڵ و ئافرەت بکەن کە نیشتەجێی دەرەوەی پیۆنگ یانگی پایتەختن و بەدەست کەمی خۆراکەوە دەنااڵێنن .

سەرچاوە : ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت

خەبات
www.xebat.net
دووشەممە 2019/5/6 ژمارە (5743)



ئامیشەکان

تایەفەیەکی گۆشەگیر و دوور لە سیاسەت و تەکنۆلۆژیا

تا: هەندرین شێرزاد

دانییێل ویلهێم کە ئەندامێکی ئامیشەکانە دەڵێ: لە هەڵبژاردنەکان دەنگ نادەم، شۆفێریش نیم ، گۆڤار و چاپەمەنی ناخوێنمەوە و گوێ لە مۆسیقا ڕاناگرم و سەیری هیچ جۆرە چالاکیەکی وەرزشی ناکەم . مۆبایلم نیە و کۆمپیوتەر بەکار ناهێنم ،بەڵام لە کاتی نانخواردن دانی بەوە دانا کە جارێک فیلمێکی بینیوە بەڵام باسی ناوەرۆک و ناوی فیلمەکەی نەکرد . ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی هەشت منداڵ و نەوەیەکی دانیشتبوو و وتی: ئیشێکی باشم نەکردووە ، لە خواستی باوکم لامداوە.

ئێمە جیاوازین

ئەمە وای لە ویلهێری تەمەن 52 ساڵ کردووە کە کۆمپانیا پڕ داهات و بەرهەمەکەی لە ئۆهایۆ بفرۆشێ و خۆی و خانەوادەکەی ڕوو بکەنە کێڵگەیەک لە باکووری نیویۆرک . ئەو خۆی بە ئەندامێکی دڵسۆزی تایەفەی ئامیش دەزانێ ، ئەو تایەفەی لەسەر ئاستی جیهان بە پۆشینی جلی ئاسایی و بەکارهێنانی ئەسپ و عارەبانە بۆ هاتووچۆکردن ناسراوە و ترسێکی زۆریشی هەیە لەوەی پێشکەوتنی شارستانی و تەکنۆلۆژیا کار بکەنە سەر ڕۆڵە و کڵێسا و جیهانە تەقلیدیەکەی . ناوبراو قسە بۆ ڕۆژنامەی گاردیان دەکات و دەڵێ: بەهاکانمان جیاوازن و بڕیارمان داوە بیانپارێزین، بەڵام ئەگەر ئەندامانمان نەرمی بنوێنن و زیاد لە پێویست تێکەڵی جیهانی دەرەوە بێن ، ئەو کاتە لەگەڵ خەڵکی دەرەوە هیچ جیاوازیەکمان نامێنێ . ویلهەر هەموو شتێکی دیکەی وەلا ناوە و گەڕاوەتەوە سەر دابونەریتی ئامیشیەکان کە بریتیە لە کشتوکاڵ و ژیانی ئاسایی . ئەوان پێیان وایە لەوە زیاتر مرۆڤ لە خودا و خوداپەرستی دوور دەخاتەوە .

ئامیشەکان زمانی ئەڵمانی بۆ ئاخاوتن بەکار دێنن و لە هەموو کار و کردەوەکانی ڕۆژانەیاندا پشت بە ڕێنماییەکانی ئینجیل دەبەستن .

گەشەکردووترین تایەفە

سەدەیەک لەمەوبەر ژمارەی ئامیشەکان لە 5000 کەس تێپەڕی نەدەکرد . ساڵی 1989 ژمارەی ئامیشەکان لە 100 هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد کە بەسەر 179 نشینگەی جیاواز لە خاکی ئەمەریکا بڵاوەیان کردبوو .

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە بەم دواییانە لەلایەن زانکۆی ئەلیزابێس تاونی ویلایەتی پەنسلڤانیا ئاماده کراوە دەرکەوتووە کە ژمارەی ئامیشەکان گەیشتۆتە 330265 کەس لە 546 نشینگە .

پێشبینی دەکرێ لەگەڵ هاتنی ساڵی 2050 ژمارەیان بگاتە زیاتر لە ملیۆنێک کەس .

فیسبووک بێ مانایە

مایکل، کە تەمەنی 15 ساڵە و یەکێکە لە کوڕەکانی دانیال ، بەدەم خواردنی تەماتەیەکەوە وتی : زۆر جار گوێبیستی وشەی فیسووک بووم ، بەڵام پێدەچێ شتێکی بێ مانا و بەفیڕۆدانی کات بێ . دەتوانم لە جیاتی ڕووکردنە کافێکان و سەیرکردنی مۆبایل شتی زۆر بە سوودتر ئەنجام بدەم .

ئەوان چۆن دەژین؟

زۆر لە خانەوادەکان کارەبا لە ماڵەکانیان بەکار ناهێنن .

هەندێکیان رازی نین تەنانەت بۆری ئاویش بەنە نێو خانوەکانیان .

ئافرەتان دەبێ بە هەموو شێوەیەک گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن .

لە نێو ئامیشەکان تەلاق و جیابوونەوە گوناهێکی زۆر گەورەیە و لێبوردنی بۆ نیە .

منداڵان هەر لە سەرەتاوە لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵ ڕادەهێنرێن .

لە زۆربەی حالەتەکاندا پیاوان ریشێکی درێژیان هەیە و ئافرەتانیش کلاوی سپیان لەسەرە .

زۆربەی ئامیشەکان لە گرووپی بچووکدا خۆیان کۆکردۆتەوە و هەر گرووپێک بریتیە لە 20 خانەواده.

بەشی زۆری ئەم گرووپانە لە دەوروبەری کلێساکانن و خۆیان یاسا بۆ خۆیان دادەڕێژن .

ئێستا جگە لە کەنەدا و هەندێکی کەموێنە و نائاسایی بوو . لە کاتی نانخواردن دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە و ئەندامانی خێزانەکە باسی ژیانی خۆیان بۆ ئەکردم ، ئەو ژیانەی پەیوەستە بە ئاین و باوەڕ و خێزان و کار . دانیال وتی : هەست ئەکەم تۆ شایستەی متمانەپێکردنی ، بۆیە لەسەر مێزی نانخواردنی من دانیشتووی ، بەڵام لەسەر ئاستی دۆستایەتی ، بەهاکانمان بە تەواوی لەیەک جیاوازن ، نەماندەخواست لێت نزیک بکەوینەوە ، چونکە ئەگەر منداڵانمان سەردانی ماڵی تۆ بکەن ، دوور نیە سەیری تەلەفزیۆن بکەن .

باری کۆمەڵایەتی

سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی وەک مافەکانی ئافرەت ، تا ڕۆژی دواتر گفتوگۆمان کرد . ڕۆژی دواتر ، سامی تەمەن 28 ساڵ کە خاوەنی 4 کوڕە ، پێی وتم : ئینجیل دەڵێ : لەسەر پیاو پێویستە هاوسەرەکەی خۆی خۆش بوێت ئەرژەنتین و پۆلیڤیا ، ئەوان لە 30 ویلایەتی ئەمەریکیدا بوونیان هەیە.

ئامیشەکان خۆشەویستن

گەنجانی ئامیش هەمیشە دژی سەربازیی بەزۆر وەستاون ، بەڵام دوای ئەوەی ئەمەریکا لە ساڵی 1973 کۆتایی بەمە هێنا ، گەنج و لاوانی ئامیش ڕوویان کردە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نێو کۆمەڵگاکەیان ، زۆریان وەک مامۆستا کار ئەکەن و منداڵانیان فێری دابونەریتەکانی ئامیش دەکەن . ئامیشەکان لەلایەن دەرودراوسێکانیان پێشوازیان لێکراوە ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەوان ژمارەیەکی زۆری کێڵگە چۆلکراوەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە . لەو بارەوە کەسێک کە پێشتر لە کێڵگەکانی دانیال کاری کردووە دەڵێ : ئەوان لێرە زۆر خۆشەویستن ، تێکەڵی کەس نابن ، بەڵام باوەشیان بۆ ئێمە کردۆتەوە .

داوەتێکی نائاسایی

ئەو ئێوارەیە ، دانیال داوای کرد بۆ نانی ئێوارە بچمە ماڵی ، ئەمەش لە ڕاستیدا هەنگاوێکی کەموێنە و نائاسایی بوو . لە کاتی نانخواردن دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە و ئەندامانی خێزانەکە باسی ژیانی خۆیان بۆ ئەکردم ، ئەو ژیانەی پەیوەستە بە ئاین و باوەڕ و خێزان و کار . دانیال وتی : هەست ئەکەم تۆ شایستەی متمانەپێکردنی ، بۆیە لەسەر مێزی نانخواردنی من دانیشتووی ، بەڵام لەسەر ئاستی دۆستایەتی ، بەهاکانمان بە تەواوی لەیەک جیاوازن ، نەماندەخواست لێت نزیک بکەوینەوە ، چونکە ئەگەر منداڵانمان سەردانی ماڵی تۆ بکەن ، دوور نیە سەیری تەلەفزیۆن بکەن .

باری کۆمەڵایەتی

سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی وەک مافەکانی ئافرەت ، تا ڕۆژی دواتر گفتوگۆمان کرد . ڕۆژی دواتر ، سامی تەمەن 28 ساڵ کە خاوەنی 4 کوڕە ، پێی وتم : ئینجیل دەڵێ : لەسەر پیاو پێویستە هاوسەرەکەی خۆی خۆش بوێت ، ئەگەر ئافرەت گوێڕایەڵی پیاوەکەی بێ ، ئەم خانەوادەیە بە خۆشی دەژیت. لە ڕاستیدا ئەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرجەم بڕیارە سەرەکیەکان دەبێ بە هاوبەشی بن ، وەک دیارە ئافرەتانی ئامیش کەم قسەن و سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوەن .

ئامیشەکان و سیاسەت

دانیال هیچ ڕۆژنامەیەک ناکڕێ ، نایەوێ منداڵەکانی بایەخ بە وەرزش بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاری باسکە دەکەن ، هەرکاتێکیش ڕۆژنامەیەکی لەنێو شەمەندەفەر دۆزیەوە دەیخوێنێتەوە . بە شێوەیەکی گشتی ئاگاداری هەڵسوکەوتی دۆنالد ترامپی سەرۆکەکەیانن ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕازی نین بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەیان بکەن . کاتێک دەبارەی وتە تونده‌کانی دۆنالد ترامپم کرد بەرامبەر بە کۆریای باکوور ، یەکێک لە گەنجەکان لێی پرسیم ئاخۆ ئەمەریکا لە ڕابردوودا بەشداری هیچ جەنگێکی کردووە .









مانشێت



سکای نیوز:
لە ویلایەتی ئیلینۆی ئەمەریکا تەقینەوەیەکی بەهێز لە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ماددە کیمیاویەکان ڕوویدا و لە ئەنجامدا 3 کەس گیانیان لە دەست دا و چواری تریش بریندار بوون .



ئەی ئێف پی:
لە نزیک کاراکاسی پایتەختی ڤەنزویلا هێلیکۆپتەرێکی سەر بە سوپای ئەم وڵاتە کەوتە خوارەوە و 7 کەس بوونە قوربانی .



ئەلجەزیرە:
جارێکی دیکە ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیا داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی شارەوانی کردەوە لە ئەستەنبوڵ.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزارەتی بەرگری ئەفغانستان هەواڵی کوژرانی 43 تیرۆرستی سەر بە ڕێکخراوی داعشی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ڕاگەیاند .



سی ئێن ئێن:
باهۆزی فانی لە ڕۆژهەڵاتی هیند 12 کەسی کوشت ، چاوەڕێش دەکرێ گێژەڵووکەکە ڕوو بکاتە بەنگلادیش .



کەنالی ئار تی :
لە ماوەی 9 مانگدا ڤایرۆسی ئیبۆلا هەزار کەسی لە کۆنگۆ کوشتووە .

فڕۆکەی (هیلیۆس) بەسەرکەوتوویی تاقیکرایەوە



سوود وەرگرتن لە سەرچاوە لەبن نەهاتوو و نوێبووەوەی وزە لەم سەردەمەدا بۆتە یەکێ لە بوارە هەرە گرنگ و پێویستەکان و بۆ گەیشتن بە پێشکەوتووترین ڕێگاکانی بەکارهێنانی، دەزگاکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی جیهانیی هەنگاوی گەورەیان بڕیوەو یەکێکیان لەلایەن ئاژانسی (ناسا) وە ئەنجام دراوەو ناسراوە بە فڕۆکەی (هیلیۆس).

ئەم فڕۆکە تاقیکارییە بە تەواوی بەهۆی وزەی خۆر کاردەکات و درێژیی هەردوو باڵەکانی لەوسەر بۆ ئەوسەر 75مەترە، واتە درێژتر لە باڵەکانی فڕۆکەی زەبەلاحی (بۆوینگ 747)، بەڵام بزوێنەکانی (هیلیۆس) لە جۆری (Jet) نییە کە سووتەمەنی بەنزین بەکار دەهێنێ، بەڵکو خاوەنی 14بزوێنی پەروانەییەو بە وزەی کارەبای بەرهەمهاتوو لە تیشکی خۆرەوە کاردەکەن.

فڕۆکەی (هیلیۆس) بە شێوەی (ڕیمۆت کۆنترۆڵ) و لە بەرزایی 3000مەتر لە باکووری ڕۆژئاوای دورگەی (Kauai) دا تاقیکرایەوەو خێرایەکەی گەیشتە 40 کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا.

جێگای ئاماژەیە، فڕۆکەی (هیلیۆس) ی وەزی خۆر لەلایەن کۆمپانیای (Aero Vireon-ment) ەوە دیزاین کراوەو بەرهەمهاتووەو خۆیشی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەو هاوکاری ئاژانسی (ناسا) و وا چاوەڕوان دەکرێت ببێتە هیوایەکی دڵخۆشکار بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی هاوشێوە لە ئاسمانی هەسارەیەکی وەکو (مەریخ) لە داهاتوودا.

جووت ئەستێرەیەک لە ماراسۆنێکی نێوگەلەستێرەییدا

تیمێک لە فەلەکناسانی (زانکۆی فریدریش ئالیکسەندەر) لە (ئەڵمانیا) سەرسامبوون بە دۆزینەوەی یەکێ لە دەگمەنترین دیاردە گەردوونییەکان لەنێو سنووری گەلەستێرەماندا، ئەویش خێرایی ڕۆیشتنی جووت ئەستێرەیەک بەخێراییەکی ئەوتۆ کە تاوەکو ئێستا حاڵەتی ئاوا تۆمار نەکراوەو تاقە شیکردنەوەیەک بۆ خێرایی ڕۆیشتنیان گەڕێندراوەتەوە بۆ گوشاری (کونێکی ڕەش Black Hole-) یەک لە نزیکیانەوە.

ئەم سیستەمە ئەستێرەییە ناونراوە (US 708) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2005دا دۆزرایەوەو دوای شیکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر داتای ڕوانگەکردنە فەلەکییەکان دەرکەوت خێراییەکەی گەیشتۆتە سنووری 1913 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا! واتە نزیکەی، 4 ملیۆن 345 هەزارو 228 کیلۆمەتر لەیەک کاتژمێردا، کە بەو واتایە، ئەم جووت ئەستێرەیە دەتوانێ ماوەی نێوان زەوی و مانگ تەنها بە 5 خولەکدا ببڕێت!

پێوانە فەلەکییەکان بۆ جووت ئەستێرەیە وای دەردەخات کەوا لە دەرەنجامی ئەو خێراییە سەرسامکارەو دوای نزیکەی 25 ملیۆن ساڵدا، ئەو دوو ئەستێرەیە لە تخووبی گەلەستێرەماندا بچنە دەرەوە، هەربۆیە فەلەکناسان دەڵێن کەوا دۆزینەوەی حاڵەتێکی ئاوا نامۆ دەرگا والآدەکات بۆ ئەگەرەکانی دووبارە داڕشتنەوەو گۆڕینی نموونە فیزیایی و سیستەمە فەلەکییەکانی نێو گەلەستێرەو گەردووندا.

ئاوڕێک لە (جاک کۆستۆ)ی بلیمەتی دۆزینەوەی دەریاو زەریاکانی جیهان



هەر کەسێک هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی لە یادمابێت، بێگومان، یەکێ لە کەسایەتییە زانستییە هەرە ناودارو ناسراوەکانی شاشەی تەلەڤزیۆنیان لەبیر نەکردووە، کەسایەتییەک کە هەموو ژیانی خۆی تەرخانکردبوو بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی دەریاو زەریاکانی جیهان و لە نێو بەرنامەی هەرە ناوداری ئەوکاتە کە ناسراو بوو بە (دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهانی دەریاکان) دەردەکەوت، ئەویش لێکۆڵەرو پسپۆڕی بلیمەتی دەریاو زەریاکانی جیهان و بە ڕەگەز (فەرەنسی)، پرۆفیسۆر (جاک کۆستۆ) بوو.

(کۆستۆ) لە ڕێکەوتی 11ی حوزەیرانی 1910 لەشارۆچکەی (سانت ئاندرێ دی کوبیز) لە (فەرەنسا) چاوی بەدونیا هەڵهێنابوو و بێ شک ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی قوڵایی دەریاو زەریاکان و پێشەنگ بووە لە جیهانی وێنەگرتنی ژێر دەریایی لە ڕێگەی کەشتییە ناوداراکەی کە بە (کالیپسۆ) ناسراو بوو.

لەسالی 1959 یەکەمین (خەلاتی ئۆسکار) ی وەرگرت لەسەر فیلمی دیکۆمێنتی بەناوی (چیرۆکی ماسی سوور) و بەهۆی بەرهەمهێنانی زنجیرە فیلمی دیکۆمێنتی هەرەناوداری ناسراو بە (جیهانی ژێردەریایی جاک کۆستۆ - The Under-sea World of Jacques Costeau (1966) سێ خەلاتی ئۆسکاری پێدراوە.

(کۆستۆ) خاوەن داهێنەری ئامێری هەرە گرنگ و ستراتیژی مەلەی ژێر ئاویی ناسراو بە (سکووبا) یەو تاوەکو ئێستا هەمان ئامێر لە بوارەکانی مەلەی ژێر دەریاییدا بەکاردەهێنرێت.

بەرنامە دیکۆمێنتیارییەکانی لەهەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو یەکێک بووە لە ناودارترین و سەرنجڕاکێشترین بەرنامە دیکۆمێنتییەکان لەنێو چین و تۆێژەکانی کوردستانی و عێراقییەکان و بەهۆیەوە (کۆستۆ) وەک پاڵەوان و سیمبولێکی دۆزینەوەی نهێنییەکانی دەریاو زەریاکان دەناسراو ئێستاش تام چێژی ئەم زنجیرە بەرنامەیە لەنێو دەروونی هەموو ئەو کەسانە ماوە کە (کۆستۆ) و بەرنامەکەی بینیبێت، وە لەساڵی 1973گۆرانیبێژی ناوداری ئەوسای ئەمریکی (جۆن دینڤەر) گۆرانییەکی گوت لەسەر شەڕەفی (کۆستۆ) و ناوی نا (قوربانییەکانی کۆستۆ و کالیپسۆ).


لە 25ی حوزەیرانی 1997دا، زانستخوازان و جیهان خەمناک بوو بە کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە.

پارچەی پاشماوەی بۆشاییگەری لە دەوری هەسارەکەماندا زۆر زیادی کردووە



بەپێی بڵاوکراوەی (سەنتەری بۆشاییگەری جۆنسون) ی سەر بە ئاژانسی (ناسا) لە ئیستاکەدا نزیکەی 500 هەزار پارچە لە پاشماوەی بۆشاییگەریی کە پێوانەیان لە 1 تا 10 سانتیمەتر دەبێت لە بۆشایی ئاسمانی (دەرەوەی هەسارەی زەوی) بوونی هەیەو نزیکەی 100 ملیۆن پارچە بە تیرەی زیاتر لە 1 ملیمەتر بوونیان هەیە و خێرایی هەریەکێک لەو پاشماوە کانزایی و پلاستیکیانە دەگاتە نزیکەی 10 تا 15 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە (بنکەی توێژینەوەی زانستیی ئاسمانیی بۆشاییگەری ڕووسیی) ڕایگەیاند کە پارچەی پاشماوەی بۆشاییگەری لە ئیستاکەدا زۆر لەو بڕە زیاترە کە بەو خێراییە بە دەوری هەسارەکەمان دەخولێنەوەو زۆرێکیان بەهۆی بچووکی قەبارەیانەوە دەخزێنە نێو بەرگە هەوای زەوی و دەبێتە هۆی سوتانیان.

کونە مەزنە ڕەشەکەی چەقی گەلەستێرەمان بێدەنگە!



فەلەکناسان دەڵێن، زۆر ئەستەمە کەوا تەنێکی ئاسمانی بتوانێ گازە گەرمەکان بخوات، بەلایەنی کەم ئەم بیرۆکەیە تاوەکو ئێستا بە ڕوون و ئاشکرایی لەسەر یەکێ لە ئەژدیها حەشاردراوەکانی چەقی گەلەستێرەی خۆماندا دەرکەوتووە، ئالەو شوێنەدا (کونێکی ڕەش - Black Hole) ی خاوەن بارستاییەکی سەرووی مەزندا هەیەو ناسراوە بە (سەرچاوەی تیشکیی Sagittarius A) و کونە ڕەشە واتە (بلاک هۆڵ) دکە کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەم دیهەنە کە لە ڕێگەی کامێرای ژێرەوەی سووری (تەلەسکۆپی ئاسمانی شاندرا X-Ray) دا وەرگیراوە. تیشکدانەوەی بەربڵاوی دەوروبەری کونە ڕەشەکە، تیرەی دەگاتە نیو ساڵی ڕووناکی (واتە نزیکەی 4تریلیۆن و 725 ملیار کیلۆمەتر)، وە فەلەکناسان بۆیان دەرکەوتووە کەوا بڕی تەنها لە 1%ی ئەم بارستە گازییە گەرمانە دەکەونە نێو ناودارترین و هەستیارترین و مەترسیدارترین شوێنگەکانی کونە ڕەشەکان کە ناسراوە بە (ئاسۆی ڕووداو - Event Horizon) کە لەم خاڵەوە هەموو شتێک ون دەبێ.

لەم پرۆسەیەدا گازەکە بڕێکی زۆری ووزەی گەرمی لەدەست دەدات و ئەوی دەشمێنێتەوە لەو بڕە گازەی کە ناکەوێتە نێو ناوچەی (ئاسۆی ڕووداو)، لە بۆشایی ئاسماندا سەربەست دەبێ و پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێت، ئەمەش تاقە شیکردنەوەیەکی زانستییانەیە بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێ: بۆچی ئەژدیها ڕەشەکەی چەقی گەلەستێرەمان کپ و بێدەنگە! بەڵام با ئێمەی دانیشتوانی زەوی هەرگیز نەترسین لە هەڕەشەی ئەم ئەژدیهایە، چونکە ماوەی نێوانمان دەگاتە 26000 ساڵی ڕووناکی!

دوو دیمەنی سەرنجڕاکێش لە دوو جیهانی ناوازەوە





دیمەنی یەکەم، بریتییە لە خۆرهەلاتن لەسەر هەسارەی (مەریخ) و لەلایەن گالیسکەی جێگیری InSightلە 4/24/ 2019 وەرگیراوە. وەک دیارە قەبارەی دیسکی خۆر بچووکترە لەوەی کە لەسەر هەسارەی زەویدا دەبینرێت، هۆکارەکەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ دووری یەگجار زۆر زیارتری ئەو هەسارەیە لە خۆر کە دەگاتە 227 ملیۆن و 900 هەزار کیلۆمەتر.


دووەمیشیان نوێترین وێنەی سەر ڕووی مانگە کە لە بەرواری 4/28/ 2019 و بۆ گالیسکەی گەڕۆکی چینی ناسراو بە (Yutu2) وەرگیراوە.

لە گرتەکەدا ئاسەواری ڕۆیشتنی گەڕۆکە شەش ویلییەکە لەنێو خاکی مانگدا بە ئاشکرا دیارە کە لە ڕێگەی کامێرای کالیسکەی جێگیری (Chang'e-4) ەوە وەرگیراوە. جێگای ئاماژەیە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە، گەڕۆکی (Yutu2) گەیشتۆتە سەر ڕووی مانگ و تا ئێستا نزیکەی 178 مەتری بڕیوەو بەردەوامە لە کارکردن و لێکۆڵینەوەکانی.

Email: hawarmurtkaee@yahoo.com – بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407
دوو شەممە 2019/5/6 ژمارە (5743) www.xebat.net

دوای نەخۆشییەکەی کاسیاس

مۆرینهۆ پەیوەندی بە یانەی پۆرتۆوە دەکات



دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە نیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەی پۆرتۆ کێشەی لە دڵی هەیە و ئەمەش ئەگەری ئەوە هەیە کە گیانی بکەوێتەوە مەترسییەوە، ئەم هەواڵە هەموو جیهانی نیگەران کرد لەبەرامبەر گۆڵچیی هەڵێژاردەی ئیسپانیا کە خاوەنی میژوویەکی گەورەیە. هەمووان بەم هەواڵە تاسان، ئەی دەبێ مۆرینهۆ کە دوژمنێکی سەرسەختی کاروانی کاسیاس بوو، مۆرینهۆ هیچ کات ئەوەی لەبیر نەدەچۆوە کە ئەو گۆڵچییە بوو پیلانی ئەوەی گێڕا کە مۆرینهۆ لەریال مەدرید دەربکرێت، لەبەرامبەردا کاسیاسیش هیچ کات ئەوەی لەدڵ دەرنەدەچوو کە هەر مۆرینهۆ بوو کاروانی ژیانی وەرزشی پەکخست.

مۆرینهۆ هەموو ئەوانەی لەبیرخۆی بردەوە و بەتەلەفۆن پەیوەندی بە بەرپرسانی یانەی پۆرتۆوە کرد بۆ دڵنیابوون لەوەی تیمی پزیشکی ئەو یانەیە بە پیشەییانە بەرامبەر نەخۆشییەکە هەڵسوکەوت لەگەڵ کاسیاس دەکەن، ئەمەش کاردانەوەی ئەرێنی لەو پەویەندییە تەلەفۆنیەی مۆرینهۆ کەوتەوە و میدیاکان ئەو هەلوێستەی مۆرینهۆیان بەبەرزی نرخاند و رایانگەیاند کە هەرچەندە پلەی دەوژمنداری بەرزوویتەوە بەڵام ساتە مرۆییەکان هەردەمێننەوە و ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت.



خولێکی تێنسی سەرمێز لە بارزان بەڕێوەچوو

بارزان- مسلم دزلەمەڕی

بەئامادەبونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی ورێکخراوی ناوەندی بالای بارزان، کۆتایی بەخولێکی تێنسی سەرمێزهات، ئەم خولە لەلایەن ناوەندی ناوبراو بەبۆنەی رۆژی وەرزشی کوردستان بۆ 24یاریزانی سنووری خۆی ئامادەکردبوو، کە بۆ ماوەی 10 رۆژ لەهۆڵی پەرتوکخانەی گشتی بلێ بەڕێوەدەچوو، لەئەنجامی کۆتاییدا مامۆستا موراد توانی پلەی یەکەم وهەژار یاسین پلەی دووەم و مامۆستا کامەران پلەی سێیەم بەدەست بهێنن، لە کۆتایی یاریبەکەدا سەرکەوتووانی خولەکە لەلایەن ناوەندی بالای بارزانەوە خەلاتکران.



شەترەنجزانێکی کیرغستان باس لە ئۆڵۆمپیادی جۆرجیا دەکات

سامایانۆڤا: بەهەڵبژاردەیەکی لاو بەشداریمان کرد و بە یەکەمی گروپەکەمان دەرچووین



ئەلیکساندریا سامایانۆڤای خانمە شەترەنجزانی وڵاتی کیرغستان لە لێدوانێکی تابەت بۆ رۆژنامەی خەبات باس لە ئۆڵۆمپیادی شەترەنجی جۆرجیا دەکات و دەڵێت: ئەمە حەفتەمین ئۆڵۆمپیادە بەیاوەری هەڵبژاردەی کیرغستان بەشداری تێدا دەکەم، لەم ئۆڵۆمپیادە باشترین ئەنجامان بەدەستهێنا کە کەوتبووینە گروپی C، لە گروپەکەماندا توانیمان میدالیای زێڕ بەدەست بهێنین، وە لە ریزبەندی گشتیش لە پلەی 48هاتین، بۆیە دەڵێم سەرکەوتوو بووین چونکە ئێمە بەتیپێکی لاو بەشداریمان کرد، کە دوو شەترەنجزانمان بۆ یەکەمین جاریان بوو بەشداری ئۆڵۆمپیادیان دەکرد.

سامایانۆڤای تەمەن 33 ساڵیە زیاتر گوتی: شەرەفی ئەوەم پێ برا کە لە تاوڵەی یەکەم یاری بکەم، لەوەش دڵخۆشتر بەشێوەیەکی خراپ یاریم نەکرد، لەبەر ئەوەی واباوە باشترین شەترەنجزانانی وڵاتان بەرگری لە تاوڵەی یەکەم دەکەن، لە کۆی 10 خاڵ تەوانیم 5.5خاڵ بەدەست بهێنم، 5یاریم بردەوە و 4یاریشم دۆڕاند لەگەڵ بەرامبەربوونێک، باشترین ئەنجامیشم ئەو یاریە بوو کە بەرامبەر ئینتەرناسیونالیەکی لیتوانی یاریم کرد، کە هەڵگری ریتینگی 2462ی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، ئەم بردنەوەیەش وایکرد کە ببینە پاڵەوانی گروپەکەمان.

لەکۆتاییدا ئەو شەترەنجزانەی کیرغستان لەبارەی میواندارییەکەی ئۆڵۆمپیادی جۆرجیا گوتی: بەشێوەیەکی گشتی میواندارییەکە باش بوو، هەندێ کۆسپ هاتنە پێش لە دەستپێکدا، بەڵام دواتر توانیان ئەو کێشانەی هەبوون چارەسەری بکەن، لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئۆڵۆمپیادی داهاتوو ئامادە دەکەین کە بڕیارە لە ساڵی 2020 لە مانسیسک بەڕێوەبچێت.

رۆژنامەی as نهێنی ئاموژگارییەکانی مارادۆنا بۆ مێسی ئاشکرا دەکات

دوای کۆتایی هاتنی هەر یەکەیەکی مەشقەکانی بەرشلۆنە، مێسی راهێنان لەسەر لێدانی فاوڵ دەکات

هاوار مورتکەیی

رۆژنامەی asی ئیسپانی نهینییەکی لێهاتوویی لیۆ مێسی لە لێدانی فاوڵەکان ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت کە کاتی خۆی مارادۆنا چەند ئاموژگارییەکی کردووە.

رۆژنامەکە لەزاری فیرناندۆ سینۆرینی راهێنەری ئەرژەنتینی دەگێڕێتەوە کە بەمدواییە ئەو راهێنەر لە پەرتووکێکی ژیاننامەکەیدا درکاندویەتی، فیرناندۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە ساڵی 2009 کە تازە مارادۆنا ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی وەرگرتبوو، ئەرژەنتین یاریبەکی دۆستانەی لەگەڵ تیپێکی ناوخۆیی فەرەنسا ئەنجامدا، بەر لەو یاریبە بەرۆژێک، هەڵبژاردەی ئەرژەنتین مەشقی خۆی تەواوکرد، بەڵام هەریەک لە مێسی و ماسکیرانۆ و تیفێز لەناو یاریگا مانەوە و راهینانیان لەسەر لێدانی فاول دەکرد.

فیرناندۆ سۆرینی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: مێسی تۆپەکەی لەبەرامبەر گۆڵ دانا و سەیری گۆڵەکەی کرد، بەهێزی بۆی چوو و تۆپەکە بەتەنیشت ستوون تیپەڕی و نەچووە ناو گۆڵەوە، مێسی تورە بوو گەڕایەوە ژووری جل گۆڕین و بەبەردەم منداڵ تیپەڕی، بەمێسیم گوت: دوای ئەو لێدانە دەتەوێ خۆت بشۆی؟ مێسی هەڵوەستەیەکی کرد و دەستی دایەوە تۆپەکەو ویستی بەرو ناو یاریگا بچێتەوە، ئا لەوکاتەدا مارادۆنا هات و گفتوگۆکەی ئێمەی بڕی و دەستی لەسەر شانی مێسی دانا و گوتی: پێش ئەوەی لەتۆپەکە بدەیت زۆر رامەکە، بەهێواشی بۆ لای تۆپەکە بڕۆ، وایکە بەخولاوی لەتۆپەکە بدەیت، چونکە تۆپ نازانێت تۆ چیت دەوێت.

هەروەها گوتی: مارادۆنا تۆپەکەی لە مێسی وەرگرت و بەیەکەوە چوونە ناو یاریگا، مارادۆنا تۆپەکەی لە گۆشەیەکی دوور دانا، لەوکاتەدا مێسی بەس یەری دەکرد، مارادۆنا بە مێسی گوت: چیم پێگوتی ئەوەم بۆ بکە، مێسیش وەک ئەوەی مارادۆنا ئاموژگاری کردبوو وایکرد و تۆپەکەی لە گۆشەی گۆڵەکەوە بردە ناو تۆڕەوە، و بەپێکەنینەوە لەگەڵ مارادۆنا سەیری یەکتریان کرد.

ئەو رۆژنامەیە ئاشکرای دەکات کە مێسی دوای تەواو بوونی مەشق و راهێنانی تیپەکەی، ئەو لەگەڵ یاریزانەکاندا ناچێتەوە ژووری جل و بەرگ گۆڕین، بەڵکو ماوەیەک لەگەڵ هەردوو گۆڵچی بەتەنیا راهێنان لەسەر لێدانی فاول دەکات، بۆیە وەک نوکتەش باس لەوەدەکەن کە هەردوو گۆڵچی بەرشلۆنە، تیر شتیگن و سیلیسین بوونەتە قوربانی راهێنانەکانی مێسی دوای تەواوبوونی مەشقەکانی یانەی بەرشلۆنە.

واندا نارا: ئەگەر سپالیتی 100 ساڵ بمینێتەوە ئەوا ئیکاردی 150 ساڵ لە ئینتەر دەمێنێتەوە

واندا نارا هاوسەری ماورۆ ئیکاردی لەوەڵامی پرسیارێکی تۆتۆ سپۆرتی ئیتاڵی کە گوایە لۆسیانۆ سپالیتی 100 ساڵی تر وەک راهێنەر لە ئینتەر میلان دەمێنێتەوە، ئایا ئیکاردی هەڵوێستی چی دەبێت؟ واندا کە هەم هاوسەر و هەم بەڕێوەبەری کاروبارەکانی ئیکاردیە گوتی: هەرچەندە گرێبەستەکەی ئیکاردی هێشتا لە ئنتەر ماوە، بەڵام ئەگەر سپالیتی 100 ساڵ بمینێتەوە ئەوا ئیکاردی 150 ساڵ لە ئینتەر دەمێنێتەوە.

ئەو لێدوانەی واندا لەکاتێکدا هات کە نێوانی سپالیتی و ئیکاردی وەک پێویست نییە و راپۆرتەکانی میدیایی لە ئیتاڵیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ئەگەر سپالیتی لە ئینتەر بەردەوام بێت، ئەوا ئیکاردی ناچارە بڕوات، بەڵام واندا نارا ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و رایگەیاند کە ئیکاردی بۆ هەتا هەتایە لە ئینتەر دەمێنێتەوە.


بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریی‌یەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 6. Apr. 2019 No: (5743)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەنووسێت

خانمەکە، بەلەنجەولار دەڕۆیشت، جارجار دەستێکی بەقژیدا دەهێنا و ناوبەناویش سەیری مۆبایلەکەی دەکرد، خزمەتکارە ئەندۆنیسیەکەشی، کۆمەلێک عەلاگەی بەدەستەوە بوو و دەستی مندالێکی سێ چوار ساڵانیشی گرتبوو.

خانمەکە، لەبەردەم هەر دوکان یان موزەخانەیەک راوەستابا، خزمەتکارەکەی لەبەردەمی رادەوەستا، خانم زۆری حەزی لە پۆز لێدان بوو، دەم دەم ئاوڕی لە خزمەتکارەکەی دەدایەوە، ئەویش دەرحاڵی دەهاتە بەردەمی و چاوەڕوانی هەر فرمانێک بوو.

خانمەکە، بڕۆی(تاتۆ) و ڕوومەتی(بۆتۆکس) و لێوی (فیلەر) کردبوو، جۆری جلک و بەرگی تارادەیەک ناوازە و سەیر بوو، جانتاکەی دەستی پێستی ئەسڵی بوو، سەعاتی دەستی سێ قورمیش و ملوانکەکەی زیاتر لە تیرەمارێک دەچوو، دەستی چەپەی تا نزیک ئانیشکی هەمووی بازنی زێڕ بوو.

زیاتر بەرگەی بینینی ئەو دیمەنە قێزەوەنەم نەگرت، لەناو قەیسەری هاتمە دەرەوە و چووم لە چایخانەی قەردارانی دانیشتم، هەندەی نەبرد خانم و خزمەتکارەکەیم لەوبەری جادەکەوە بینی.

تڕومبێلێکی جام ڕەش راوەستا، شوفێر دەرگای کردەوە، خانم سواربوو، زەلامێک کە خەریکی دیشلەمە خواردنەوە بوو، زۆر بە حەسرەتەوە گوتی:

ـ ئای پارەی مەلعوون، هەم دین دەری هەم دینبەی، بزانە پارە ژنەکی کردیتە گەوهەر و ئەوی دیکەش کردیتە خزمەتکار.

کامەران عەبدولڕەحمان لەمانگی ڕەمەزان ستایشی ئاینی بڵاوەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی بە ئەزموون و دەنگ زوولاڵ (کامەران عەبدولڕەحمان) بەخەباتی گوت لەمانگی ڕەمەزان سرودی ستایشی ئاینی بڵاو دەکەمەوە، ئەم سرودە لە هۆنراوەی : کاوە خەسرەو کاوانی و ئاوازو گوتنی: کامەران عەبدولڕەحمان و ئامادە و دابەشکردنی مۆسیقا: هۆگر سەعید و لەستۆدیۆ: ڕەسەن تۆمارکراوە، دەنگ : ماجد عەبدولخالق و وێنەگر : سامان محەمەد و مۆنتاژ: وەرین نەجات، ئەو هونەرمەندە زیاتر گوتی: سوپاس بۆ کوردستان تی ڤی بۆ سپێنسەری ئەم بەرهەمە و ڕۆژنامەی خەباتی ئازیز هەمیشە پاڵپشتی کارە هونەرییەکانمانە.

هۆنراوەی ستایشی ئاینی:

تۆی پادشای ژین و بوونی ئە
ی خودا نووری لە سەرنوور
عەشقی تۆ لە دەروونم دا تێک
دەشکێنێ ووشەی سنوور
ئەی خودا ئەی پەروەردگار
پادشای ئاسمان و زەمین
ڕووناکی نێو ڕووناکایی ئەی
لادەری تاریکی ژین
ڕووحم فیدای ناوی جوانت بە
میهروومیهرە بانی تۆ
لێبووردەیی فراوانی چەشنی
ڕێژنەی بارانی تۆ
سەیری دەشت و پێدەشت وچیا
سەیری ڕووبار زەریاودریا
شەوو ڕۆژو ئە ستێرە و مانگ
بەڵگەن کە تۆی خودای تەنیا
ئێمە بەندەی تاوانبارین تۆش
لێبووردەی بمانبووڕە
نا ئومێدنین لە میهری تۆ
چونکە میهرت بێ سنوورە
ڕوومان لە قاپیت کردووە
دەستی نزامان بەرزە بۆت
ئەزانین تۆ بەخشندەیی و
دەمان بووری بە میهری خۆت



کامەران عەبدولڕەحمان



ئەنوەر قەرەداغی لە خانەقین کۆڕێک سازدەکات

خەبات/ سەریەست برزۆ: بە ئامادەبونی هونەرمەندان و هونەر دۆستان و ڕۆشنبیران مالّی ڕوناکبیری سەلام لە خانەقین کۆڕێکیان بۆ ئەنوەر قەرەداغی ساز کرد کە تێیادا بەوردی باسی لە میوزیک و جۆرەکانی میوزیک کرد و تیشکی خستە سەر سودەکانی میوزیک بۆ مرۆڤ کە هەتا مرۆڤ کۆێ لە میوزیک بگرێ هەست بە تەندروستی باشتر دەکات و ڕۆژانە، کە گوێ لە میوزیک بگری خەوێکی تەندروستت پێ دەبەخشێ و دودڵی لە مرۆڤدا ناهێڵی و هەروەها بۆ منداڵیش گرنگە کە گوێ لە میوزیک بکرێ بیرکردنەوەییەکی بەهێزی لا دروست دەبێت



خەڵاتی مالّی کتێب بە سەرنووسەری «خەبات» درا

ڕۆژی شەممە 4ی ئایاری 2019 لە یەکێتی نووسەرانی کورد، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیران مالّی کتێب ڕاگەیەندراو دواتریش هەر بەم بۆنەیەوە 10 نووسەری بە ئەزموون لە لایەن مالّی کتێب خەڵات کران، مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات یەکێک لەو نووسەرانە بوو، کە لە لایەن مالّی کتێب ڕێزی لێندرا.

ڕانیە.. شانۆگەرییەک لەبارەی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت نمایشکرا

بەرهەم شێخ عزەدین

تیپی شانۆیی پیرەمەگرون، شانۆگەرییەکی بە ناونیشانی "کۆژەر" بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕانیە نمایش کرد، لە شانۆکەدا باسی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت کرا. تیپی شانۆیی پیرەمەگرون لە ساڵی٢٠٠٤ەوە دامەزراوە و تا ئێستا ٣٢. بەرهەمی شانۆیان نمایشکردوە، شانۆیی "کۆژەر" نوێترین بەرهەمی ئەوانە، کە باس لەخراپ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک و تەلەفون دەکات.ئومێد کەمال، نووسەر و دەرهێنەری شانۆیی کۆژەر، بە خەباتی گوت: بە داخەوە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لەلایەن بەشێک لە کوڕان و کچانی ئەم هەرێمەوە، بووەتە هۆی لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵگە و تەنانەت زۆر کات کارەساتی گەورەی لێکەوتوەتەوە، ئومێد گوتیشی: هەوڵدەدەین شانۆ ببەینە ناو خوێندنگاکان و زانکۆکان و ئەو پەیامە پەروەردەییە بگەیەنینە هەموو گەنجانی وڵاتەکەمان.



دیمەنێک لە شانۆی کۆژەر لەکاتی نمایش





چالاکییەکانی هەفتەی دۆستایەتی و پاڵپشتی لە نێوان گەلی فەلەستین و کوردستان بەڕێوەچوو (هەولێر – 2019/5/4) فۆتۆ: مەحمود هەولێری

هەڵەبجەی شەهید..

پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەند حەسەن زیرەک لادرا



پەیکەری حەسەن زیرەک لە هەڵەبجە

خەبات / یوسف هەورامی

لەڕێو ڕەسمێکدا بەئامادەبونی نوخشە ناسح قایقامی هەڵەبجە و نوێنەری دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان لەباخچەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجەپەردەلەسەر پەیکەری هونەرمەندی ناسراوی کورد (حەسەن زیرەک) لادرا، سەرەتا ئامادەبوان خولەکێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان و دواتر وتەیەک لەلایەن پەرۆیز نیازی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری وهونەری هەڵەبجە پیشکەش کرا لەمیانی وتارەکەیدا باسی لەڕۆڵ و کاریگەری دەنگی حەسەن زیرەک کرد لەبەرەو پێش چونی بزاڤی ڕۆشنبیری کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان ،دواتر پەردەیان لەسەر پەیکەری هونەرمەندی ناوبرا و لادا.